
وەرچەرخان
TRANSFORMATION

# ئایاری 68

## ڕووداو یان پێش ڕووداو؟

وەرگێڕانی بۆ کوردی

**ئەرسەلان ئەفراسیاو**



# ئایاری ٦٨: ڕووداو یان پێش ڕووداو؟

## وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو

### نامیلکەی یەکەم

- **ئەو وانە ڕاستەقینەی کە دەبێت لە ئایاری ٦٨ـەوە هەڵیبێنجێنین**

  سلاڤۆی ژیژەک

- **ئایاری ٦٨ ڕوووینەدا**

  دۆڵۆز و گواتاری

- **٦٨ ناکۆتایە**

  ژان لووک نانسی

- **هێشتا هاوسەردەمی ئایاری ٦٨ـین**

  ئالان بادیۆ

**لەبڵاوکراوەکانی وەرچەرخان**

## ئەو وانە ڕاستەقینەی کە دەبێت لە ئایاری ٦٨ـەوە هەڵیبێنجێنین

### سلاڤۆی ژیژەک

یەکێک لە باشترین ئەو دروشمە سەر دیواریانەی لە ئایاری ٦٨ـدا بەسەر دیوارەکانی پاریسەوە نووسران ئەمە بوو: "بونیادەکان نارژێنە سەر شەقام!". واتە: مرۆ ناتوانێت خۆپیشاندانە خوێندکاری و کرێکارییە گەورەکانی ساڵی **١٩٦٨** بە **[ئەقڵیەت]** و زاراوەسازییەکی بونیادگەرانە تەفسیر بکات و وەک دیاردەگەلێک لێیانبڕوانێت کە بەرهەمی گۆڕانکاریی بونیادگەرانەی کۆمەڵگان.

وەڵامدانەوەی ژاک لاکان سەبارەت بەمە، جەختکردنەوەیە لەوەی ئەوەی لە **١٩٦٨** ڕوویدا ڕێک ئەمە بوو: بەڕاستی و دروستی هاتنە سەر شەقام. ئەو ڕووداوە دیدەنیانەی تەقینەوە، سەرئەنجام دەرهاوێشتەی ناهاوسەنگییەکی بونیادی بوون – پەڕینەوە لە فۆڕمێکی کۆنترۆڵەوە بۆ فۆڕمێکی دیکەی کۆنترۆڵ، کە لاکان واپێناسەی دەکات پەڕینەوەیە لە گوتاری ئاغاوە بۆ گوتاری زانکۆ.

وەها ڕوانینێکی گومانکارانە بێ بنەما نییە. وەکئەوەی لووک بوڵتانسکی و ئیڤ چیاپێلۆ لە کتێبەکەیاندا بەناوی "ڕۆحی نوێی سەرمایەداری"[1] باسی دەکەن، لە حەفتاکانەوە وردە وردە فۆڕمێکی نوێی سەرمایەداری سەریهەڵداوە: فۆڕمێکی ڕێکخستنی لە تۆڕێکدا گەشەپێداوە کە لەسەر دەستپێشخەری و خۆسەریی بەکارهێنەران لە شوێنی کارکردندا وەستاوە. بەمەش، سەرمایەداری داهێنانی خۆبەڕێوبەریی دژە سەرمایەدارانەی چەپی ڕادیکاڵی بەلاڕێدا بردووە و کردویەتی بە دروشمێکی سەرمایەدارانە: ئیدی سۆسیالیزم وەک کۆنەپارێز و پلەبەند و ئیداری دەردەکەوێت و ڕەتدەکرێتەوە. شۆڕشە ڕاستەقینەکە شۆڕشێکی سەرمایەداریی دیجیتاڵ بوو...

---

[1] Luc Boltanski & Eve Chiapello, Le Nouvel Esprit du capitalism (Gallimard, 1999).

ئەوەی لە ئازادیی سێکسیی ساڵانی شەستەکان مایەوە ئەم ئیرۆتیزمە لێبوردەیەیە کە بە تەواوی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای باڵادەستدا ئاوێزانبوو: ئەمڕۆ، چێژی سێکسی نەک تەنها ڕێگەی پێدراوە بگرە بەجۆرێک لە جۆرەکان ناچاریانەیشە – ئەوەی چێژوەرنەگرێت هەستدەکات تاوانبارە. ئەم گەڕانە بۆ فۆڕمی ڕادیکاڵی چێژ لە ساتێکی سیاسیی دیاریکراودا هەڵتۆقی: ئەو ساتەی "ڕۆحی ٦٨" توانستە سیاسییەکانی داهێزرا. لەو ساتە یەکلاکەرەوەدا (نیوەی حەفتاکان)، تاکە بژاردەیەک کە مابێتەوە بازدانێکی وەحشیگەرانە و ڕاستەوخۆ بوو ڕووەو **ڕیاڵ**[2]، کە لە سێ شێوەی سەرەکیدا دەبینرێتەوە: گەڕان بەدوای فۆڕمی پەڕگیری چێژی سێکسی؛ گەڕانەوە بۆ ڕیاڵی ئەزموونی ناوەکی (سۆفیگەریی ڕۆژهەڵاتی)؛ دواییینیشیان، تیرۆری سیاسیی چەپگەرا (فەسیلەکانی سوپای سوور لە ئەڵمانیا و لیوا سوورەکان لە ئیتاڵیا و هتد).

ئاکامەکانی ئەم پاشەکشە تا ئەمڕۆش هەستی پێدەکرێت. ئەوەی لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی پاییزی ٢٠٠٥ لە ناوچە فەرەنسییەکاندا جێی شۆک بوو، کاتێک کە لە تەقینەوەیەکی گەورەی توندوتیژیدا سوتانی هەزاران ئۆتۆمبێلمان بینی، غیابی تەواوەتیی هەر جۆرە دیدێکی یۆتۆپیی ئەرێنی بوو لەلای گێرەشێوێنەکان. ئەگەر ئەو کلێشە پەڕپووتەی کە بەهۆیەوە لە سەردەمێکی پاش-ئایدۆلۆژیدا دەژین مانایەکی هەبێت، ئەوا ڕێک لەوێدایە. ئەمەش زۆر شتمان لەبارەی دۆخی ئێستامانەوە پێدەڵێت: ئێمە لە چ جۆرە جیهانێکدا دەژین، لەحاڵێکدا تاکە جێگرەوەیەکی ڕێتێچووی کۆدەنگیی دیموکراتیی ناچارانە، تەقینەوەی توندوتیژیی (خۆ) وێرانکەرە؟

با ئەو تەحەدایە بەبیر خۆمان بێنینەوە کە لاکان بەرەوڕووی خوێندکارانی ناڕازیی کردەوە: "بەئەندازەی شۆڕشگێڕبوونتان هیستریایین، داوای ئاغایەکی نوێ دەکەن، بەدەستیشی دێنن". هەرواشبوو، ئاغایەکی نوێمان بەدەستهێنا – ئاغایەکی پۆستمۆدێرنی "لێبوردە" کە دەسەڵاتەکەی شاراوەتر و بەهێزترە. ئەگەر زۆرێک گۆڕانکاریی ئەرێنی هاودەمی ئەم پەڕینەوە بووبن، ئەوا دەبێت ئەم پرسیارە بنەڕەتییە بکەین: ئایا ئەم هەموو نەشوەی ئازادییە ئامرازێک نەبوو بۆ جێگرتنەوەی فۆڕمێکی نوێی دەسەڵات لە جێی فۆڕمە کۆنەکە؟ وەگەر

---

[2] Real: واقیعی ڕەق.

دۆخی ئێستامان لە دیدگای ساڵی ١٩٦٨ـەوە تەماشاکەین، نابێ میراتی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمە لەیادکەین: کرۆکی ئایاری ٦٨ ڕەتکردنەوەی سیستەمی لیبرِاڵی-سەرمایەداری بوو، کە ڕەتکردنەوەی کۆی سیستەمەکەیە.

سەرزەنشتکردنی گوتەزای کۆتایی مێژوو کە فۆکۆیاما پەرەیپێدا ئاسانە، بەڵام ئەمرۆ زۆرینەی خەڵک فۆکۆیامایین: سەرمایەداریی لیبراڵ-دیموکراتیک وەک دوایین فۆرمی کەشفکراوی باشترین کۆمەڵگا مومکین قبووڵکراوە، تەنها شتێک لە تواناماندایە بیکەین ئەوەیە عادیلانەتر و لێبوردەتری بکەین.

بۆیە، جارێکی تر، تەنیا پرسیارێکی ڕاستەقینەی ئەمرۆ ئەوەیە: ئایا دەبێ بەم قبووڵکردنە گشتێنراوەی سیستەم ڕازی بین، یان سەرمایەداریی هەسارەیی ئێستا لەناو خۆیدا هێندە لێکدژیی بەهێز بەرهەمدێنێت کە بەس بێت بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەمیشەییانەی؟

ئەم لێکدژیانە لانیکەم چوار دانەن: هەڕەشەی کارەساتێکی ژینگەیی؛ نەگونجانی گوتەزای خاوەندارێتیی تایبەت لەکاتی پیادەکردنی بەسەر ئەو شتەی پێی دەڵێین "خاوەندارێتیی فیکری"؛ گەرەنتییە کۆمەڵایەتییە-ئەخلاقییەکانی پێشکەوتنە تەکنۆ-زانستییەکان (بەتایبەت لە بیۆلۆژیای جیناتیکدا)؛ دواهەمینیشیان، کە هیچی لەوان کەمتر نییە، سەرهەڵدانی فۆرمی نوێی جیاوازیی ڕەگەزی و دیوار و پشێوویی نوێ. ١١ی سپتەمبەر زەنگی ماتەم بۆ ساڵانی بەختەوەریی کلینتۆنی لێدەدات و ئاماژەیە بۆ داهاتنی سەردەمێکی تر، کە تێیدا لە هەموو شوێنێک دیواری نوێ سەرهەڵدەدات، چ لە نێوان ئیسرائیل و کەرتی ڕۆژئاوا، چ بە چواردەوری یەکێتیی ئەوروپا، چ لەسەر سنووری نێوان مەکسیک و ویلایەتە یەکگرتووەکان.

سێ لێکدژییەکەی یەکەم پەیوەندییان بەو بوارانەوەیە کە مایکڵ هارت و تۆنی نیگری ناوی دەنێن "کۆمۆنەکان"، جەوهەری دابەشبووی بوونی کۆمەڵایەتیمان کە بەتایبەتیکردنی کردەیەکی تۆندوتیژانەیە و دەبێت، ئەگەر پێویست بکات، بە ئامرازی توندوتیژانە بەرەنگاری ببینەوە. یەک لەوانە کۆمۆنەی سروشتی دەرەکییە، کە هەڕەشەی پیسبوون و ئیستیغلالکردنی لەسەرە؛ یەکێکی تر لەوانە کۆمۆنەی سروشتی ناوخۆییە؛ پاشان کۆمۆنەی

کولتور، ئەو فۆڕمانەی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرمایەی "هزری"ـیەوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گشتێنراون، زمانیش لە پلەی یەکەمی ئەم فۆڕمانەدا دێت، کە ئامرازی بنەڕەتیی پەیوەندیکردن و پەروەردەیە، ئەمە جگەلە ژێرخانە دابەشبووەکانی وەک گواستنەوەی گشتی و کارەبا و پۆستە و هتد.

ئەگەر ڕێگەمان بدایە بیل گیتس دۆخێکی قۆرخاری بۆخۆی مسۆگەر بکات، خۆمان لەو دۆخە پووچگەرایەدا دەبینییەوە کە تێیدا کەسێکی دیاریکراو بەتەواوی دەبووە خاوەنی تەونی لۆژیکیانەی تۆڕی بنەڕەتیی پەیوەندیکردنمان. ئێمە وردە وردە خەریکە ئاگایی بەرامبەر بە توانستە وێرانکەرەکان پەیدا دەکەین، ئەو توانستە وێرانکەرانەی کە دەکرێ بگاتە ئاستی خۆ-وێرانکردنی مرۆڤایەتی، کە ئەگەر ڕێگە بدەین لۆژیکی سەرمایەداری دەستبەسەر ئەم کۆمۆنانەدا بگرێت، لەدەست دەردەچێت.

ئایا ئەم پێویستییە بۆ دامەزراندنی ڕێکخستن و پابەندییەکی سیاسیی هەسارەیی کە بتوانێت میکانیزمەکانی بازاڕ بێلایەن بکات و بەڕێوەببات، ناچێتەوە سەر ئەوەی دیدگایەکی کۆمۆنیستی تەبەنی بکات؟ ئاماژەدان بۆ "کۆمۆنەکان" سەرئەنجام زیندووکردنەوەی چەمکی کۆمۆنیزم پاساودار دەکات: ئەمەش وادەکات بەتایبەتیکردنی بەردەوامی کۆمۆنەکان وەک پێواژۆیەک تەماشاکەین بۆ بلووریکردنی ئەوانەی بەمە پێیانوایە لە جەوهەری خۆیان دوورخراونەتەوە.

بەڵام بە ڕاستی تەنها لێکدژیی نێوان ناونشینەکان و دوورخراوەکان ڕاستەوخۆ ڕەوایەتی بە زاراوەی کۆمۆنیزم دەدات. چونکە لەناو ئەو هەموو بێسەروبەرەییەدا، لە سەرانسەری جیهاندا گەشەسەندنێکی خێرای دانیشتوان دەبینین، کە لە بندەستی هەموو کۆنترۆڵێکی دەوڵەت دەردەچن، لە هەلومەرجێکی نیمچە نایاساییدا دەژین و ئەوپەڕی پێویستییان بە کەمترین فۆڕمی خۆڕێکخستن هەیە.

ئەم دانیشتوانانە چ کرێکاری پەراوێزخراو بن ، چ کارمەندی لەکارلادراو، چ کۆنە جوتیار، هێشتا نابنە زیادەیەکی ناپێویست: ئەوان لە زۆر لایەنەوە ئاوێتەی ئابووریی هەسارەیی بوون، زۆریان کرێکاریی ڕەش دەکەن یان وەک کۆنتەراتچیی تاکەکەسی کاردەکەن، لە هەموو ڕوومالێکی تەندروستی و کۆمەڵایەتیی شیاو بێبەشن.

مەسەلەکەش پەیوەندیی بە ڕووداوێکی غەمگینانەوە نییە، پەیوەندیی بە ئاکامی حەتمیی لۆژیکی سەرمایەداریی هەسارەییەوە هەیە. دانیشتوی گەڕەکێکی لەوحەنشینی ریۆ دی جانیرۆ یان دانیشتوی یەکێک لە گەڕەکە هەڕەمەکییەکانی شەنگەهای، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو تاکەی لە ناوچەیەکی پاریسی یان لە شیکاگۆ دەژی. ئەرکی جەوهەریی سەدەی بیست و یەکیش، بریتی دەبێت لە بەسیاسیکردنی "جەماوەرە هەڵوەشاوەکان"ی بێسەروبەرەکان، ئەوەش لە ڕێی بەخشینی دیسپلین و ڕێکخستنیانەوە دەکرێت.

ئەگەر ئەم کێشەیەی دوورخراوەکان پشتگوێبخەین، هەموو لێکدژییەکانی تر بەشێک لە کرۆکی وێرانکارانەیان لەدەستدەدەن. ئیدی ئیکۆلۆژیا تەنها لەوەدا کورتدەبێتەوە کە کێشەی گەشەسەندنێکی بەردەوام بێت، خاوەندارێتیی فیکرییش لەوەدا کورتدەبێتەوە کە کێشەیەکی یاسایی ئاڵۆز بێت، بیۆلۆژیای جیناتیکیش لەوەدا کورتدەبێتەوە کە مەسەلەیەکی ئەخلاقی بێت.

بە کورتی، بەبێ لێکدژیی نێوان ناونشینەکان و دوورخراوەکان، خۆمان لە جیهانێکدا دەبینییەوە تێیدا بیل گیتس[3] وەک مرۆڤدۆستێکی مەزن دەردەکەوت کە لەدژی هەژاری و نەخۆشی دەجەنگێت، ڕۆپێرت مەردۆخ[4]یش وەک پاڵەوانێکی ژینگە دەردەکەوت کە دەتوانێت سەدان ملیۆن کەس بەهۆی ئیمپراتۆریەتە میدیاییەکەیەوە بەئاگابێنێت.

ئەوەی هەڕەشەمان لێدەکات ئەوەیە وا سەیری خۆمان بکەین کورتبووینەتەوە بۆ سوبێکتی دیکارتیی پەتی و بەتاڵ، بێبەش لە هەر ناوەڕۆکێکی جەوهەری، داماڵراو لە جەوهەری ڕەمزیمان، ناچار بە تەحەمولکردنی یاریکردن بە بناغەی جیناتیکیمان، ناچار بەوەی سەرکزانە لە ژینگەیەکی ناقابیل بە ژیاندا بژین. کۆی ئەم هەڕەشە سێ لایەنەی ڕووبەڕووی بوونمان بۆتەوە، بەجۆرێک هەمووومان دەکاتە پرۆلیتاری ئەگەرکراو، تاکە ڕێگایەکیش بۆ دژایەتیکردنی ئەمە ئەوەیە بە خۆپارێزییەوە بجوڵێینەوە.

[3] Bill Gates.
[4] Rupert Murdoch.

یۆتۆپیای ڕاستەقینە ئەوەیە باوەڕ بەوە بێنین ئەم سیستەمە هەسارەییەی ئێستا دەتوانێت بێکۆتا دووبارە خۆی بەرهەمبێنێتەوە؛ تاکە ڕێگایەکیش بۆئەوەی بەڕاستی واقیعی بین ئەوەیە وێنای ئەو شتە بکەین کە بە پێوەرەکانی ئەم سیستەمە وێناکردنی ئەستەمە.

سەرچاوە:

سلافوي جيجيک: الدرس الحقيقي الذي يجب استخلاصه من مايو 68

ترجمە: احمد احسان

## ئـــایـــاری ٦٨ ڕوویـــنـــەدا

لە دیاردە مێژووییەکانی وەک شۆڕشی ١٧٨٩ و کۆمۆنە [ی پاریس] و شۆڕشی ١٩١٧ـدا، هەمیشە بەشێک لە **ڕووداو**[5] هەیە کورتناکرێتەوە بۆ حەتمیەتی کۆمەڵایەتی و زنجیرە هۆکار. مێژوونووسەکان زۆر حەزیان لەم لایەنە نییە: چونکە ئەوان هەمیشە هۆکارگەرایی دەکەنە پاساو. بەڵام ڕووداو لەخۆیدا لە دابڕاندایە لەگەڵ هۆکار: ڕووداو پەلهاوین و تەنینەوەیەکی دووسەرەیە، سەر بە یاساکان نییە، دۆخێکی ناجێگیرە و بوارێکی نوێ لەبەردەم ئەگەر و مومکینەکاندا دەکاتەوە. پریجۆجین[6] باسی لەو حاڵەتانە کردووە کە تێیاندا، تەنانەت لە فیزیاشدا، جیاوازییە بچوکەکان لەبری ئەوەی هەڵوەشێنەوە و نەمێنن، بڵاودەکەن و دەبنە دیاردەی تەواو سەربەخۆ و هاوساز و هاوئاهەنگ. بەم واتایە، ڕووداو ئەشێ پێچەوانە بکرێتەوە، سەرکوت بکرێت، خیانەتی لێبکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی لەخۆیدا هەڵگرتووە کە ناتوانرێت تێپەڕێنرێت. ئەوە تەنها بێفەڕەکانن کە دەڵێن: تێپەڕێنراوە. ڕووداو هەرچەندە کۆنیش بێت، تێناپەڕێنرێت: چونکە کرانەوەیە بەڕووی مومکیندا. دەچێتە ناو تاکەکانەوە، وەکچۆن دەچێتە قووڵایی کۆمەڵگایەکەوە.

ئیدی ئەو دیاردە مێژووییانەی ناومان هێنان، ئەگەر سروشتێکی دیکەیان هەبوایە [و ڕووداو نەبوونایە] ئەوا حەتمیەت و هۆکاریان لەپشتەوە دەبوو. ئایاری ٦٨ لانیکەم لە جۆری ڕووداوێکی پاڵفتەیە، بێبەرییە لە هەر هۆکارگەراییەکی پێوەری و پێوانەیی. مێژووەکەشی بریتییە لە "بەدوایەکداهاتنی کۆمەڵێک ناجێگیری و هەڵبەزودابەزی گەورە". شەست و هەشت زۆرێک هاندان و ژێست و قسەڵۆک و وەهم و ورەوڕی تێکەوت، بەڵام ئەوانە گرنگ نین. ئەوەی گرنگە ئەو دیاردەی چاوهەڵهێنانەی ناویەتی، وەکئەوەی کۆمەڵگایەک لەپڕ چاوهەڵبێنێت و نەنگییەکانی ببینێت، چاوهەڵبێنێت و ئیمکانیەتی هێنانەئارای شتێکی دیکە ببینێت. ئەمە دیاردەیەکی بەکۆمەڵە و لەو فۆڕمەیە کە [دەڵێت]: "هەندێک مومکین، ئەگەرنا دەخنکێم". مومکینیش پێشوەختە لەئارادا نییە، ڕووداو دروستی دەکات.

[5] Événement.
[6] Prigogine.

ئەمە پرسی ژیانە. ڕووداو بوونێکی تر دروستدەکات، سوبێکتیڤیتەیەکی نوێ دروستدەکات (پەیوەندیی نوێ بە جەستەوە، بە کاتەوە، بە سێکسواڵیتەوە، بە چواردەورەوە، بە کولتورەوە، بەکارەوە)...

کاتێک وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، تەنها ئەوە بەس نییە بە [لێکدانەوە و] گرتنەبەری هێڵی هۆکارگەرایی ئابووری و سیاسی، ئاکام و کاریگەرییەکانی کورتبکەینەوە. دەبێ کۆمەڵگا بتوانێت **کۆکارییەکی**[7] دەستەجەمعیی پێکبێنێت کە لەگەڵ ئەو سوبێکتیڤیتە نوێیەدا هاوتا بێت، بەشێوازێک کە ئەو وەرچەرخانە قبووڵ بکات. مەسەلەکە ڕێک ئەمەیە: خۆگونجاندنێکی ڕاستەقینە. ئالوویڵی نوێ[8] و گەشەسەندنی ژاپۆن دوو نموونەی زۆر جیاوازی خۆگونجاندنن، بە هەموو ناڕوونی و تەنانەت بونیادە کۆنەپارێزەکانیشەوە، هێشتا هێندە دەستپێشخەری و داهێنانی تێدایە کە بتوانرێت دۆخێکی وەها کۆمەڵایەتیی نوێ دروستبکرێت کە بتوانێت وەڵامی داخوازییەکانی ڕووداو بداتەوە. لە فەرەنسا، بەپێچەوانەوە، لەدوای ٦٨، دەسەڵات هەر لەو خەیاڵەدابوو کە "دۆخەکە دەگەڕێتەوە باری جارانی". هەرواشبوو، دۆخەکە گەڕایەوە باری جارانی، بەڵام بە هەلومەرجی کارەساتباوەوە. ئایاری ٦٨ نە دەرئەنجامی قەیرانێک بوو نە وەڵامدانەوە بە قەیرانێک. لانیکەم پێچەوانەی ئەمە بوو. [ئایاری ٦٨] قەیرانی ئێستایە، ڕێگا داخراوەکانی قەیرانی ئێستای فەرەنسایە کە ڕاستەوخۆ دەرئەنجامی بێتوانایی کۆمەڵگای فەرەنسییە لە دەرککردنی ئایاری ٦٨. کۆمەڵگای فەرەنسی لەمەڕ ئەنجامدانی خۆگونجاندنێک لەئاستی دەستەجەمعیدا بێتوانایەکی ڕیشەیی نیشاندا، ئەمەش ئەو شتەبوو کە ئایاری ٦٨ دەیویست: پاشان، ئەیچۆن دەیتوانی خۆگونجاندنێکی ئابووری بە هەلومەرجێکی "چەپگەرایانە" ئەنجام بدات؟ کۆمەڵگای فەرەنسی هەرگیز هیچ شتێکی بۆ خەڵک پێشنیاز نەکرد: نە لە بواری قوتابخانەدا، نە لە بواری کاردا. هەرچی نوێ بوو پەراوێزخرا یان

[7] Agencements: کۆکاریی یان خڕبوونەوە چەمکێکی سەرەکیی دۆلۆز و گواتارییە. بە واتای فرەیی دێت، لە کۆمەڵێک هێڵ پێکدێت، "قەڵەمڕەوی"ی هەیە و تێیدا ناوەڕۆک و گوزارشت جیادەبنەوە، "هێڵەکانی لەقەڵەمڕەویخستن"ـیش بەناو کرانەوەیدا دزە دەکەن: یان لەسەر کۆکاریی دیکە، یان لەسەر "زەمینێکی دەرەکی"، یان لەسەر "ئامرازی پەتی و گەردوونی". و.ع

[8] New Deal.

گاڵتەی پێکرا. ئەمڕۆش دەبینین کە چۆن دانیشتوانی لۆنگوی[9] دەست بە پۆڵاکەیانەوە دەگرن، بەرهەمهێنەرانی شیرەمەنییش دەست بە مانگاکانیانەوە و هتد: جگەلەوە دەتوانن چیتر بکەن، لەکاتێکدا هەرچی کۆکاریی بوونێکی نوێیە، هەرچی کۆکاریی سوبێکتیڤیتەیەکی دەستەجەمعیی نوێیە پێشوەختە لەلایەن کاردانەوەی دژە شەست و هەشتی هەم چەپ و هەم ڕاستەوە خاپوورکرا؟ تەنانەت لەلایەن وێزگە ئازادەکانیشەوە. هەموو جارێک دەرگا لەسەر مومکین دادەخرا.

منداڵەکانی شەست و هەشتیش، ئەکرێ لە هەموو شوێنێک بیانبینین، خۆیان ئەمە نازانن، هەموو وڵاتێکیش بەرِێگەی خۆی بەرهەمیان دێنێت. دۆخیان زۆر باش نییە. کادیری گەنج نین. بەشێوەیەکی سەیر بێباکن، هەر بۆیە ئاگاداری شتە شاراوەکانن. وازیان لەوە هێناوە داخوازبن یان خودئەوین، بەڵام بەباشی دەزانن لە ئێستادا هیچ شتێک وەڵامی سوبێکتیڤیتە و ماتەوزەی ئەوان ناداتەوە. تەنانەت دەشزانن هەموو چاکسازییەکانی ئێستا لە دژی ئەوان ئاراستە دەکرێت. چەند بتوانن، سوورن لەسەرئەوەی سەرگەرمی کاروباری خۆیان بن. پارێزگاری لە کرانەوە دەکەن و دەست بە مومکینەوە دەگرن. کۆپۆلا[10] وێنەی شیعریی ئەوانی لە فیلمی روستی جەیمس[11]دا دروستکردووە؛ میکی ڕۆرک[12]ی ئەکتەر دەڵێت: "کەسایەتییەکە گەشتووە بە کۆتایی، بە لێوار. لە مۆدێلی هێڵس ئەینجڵ[13] نییە. ئەقڵی لەسەردایە، هەستێکی باشیشی هەیە. کولتورەکەی تێکەڵەیەکە لە کولتوری شەقام و کولتوری زانکۆ. ئەم تێکەڵەییە وایکردووە شێت بێت، وایکردووە هیچی نەوێت. دەزانێت کارێک نییە بۆ ئەو، چونکە لە هەموو ئەو کەسانە فێڵاویترە کە ئامادەن کاری پێبدەن"[14].

ئەمە بۆ هەموو جیهان ڕاستە. چونکە ئەوەی لە بێکاری و خانەنشینی و قوتابخانەدا دەیچنینەوە، "هەڵوێستی دەستلێبەردان"ـن، کە لەژێر کۆنترۆڵدان و کەمئەندامان

[9] Longwy: کۆمۆنەیەکە لە هەرێمی مۆزێل لە ڕۆژهەڵاتی باکووری فەرەنسا. سەنتەری پیشەسازیی کانتۆنی لۆرین بوو کە تێیدا ئاسن بەرهەم دەهات. و.ع

[10] Coppola.

[11] Rusty James.

[12] Mickey Rourke.

[13] Hell´s Angle.

[14] لیبراسیۆن، ١٥ی فیبریوەریی ١٩٨٤.

نموونەیانن. تاکە خۆگونجاندنێک لە ئێستادا لەئارادا بێت، لە ئاستی دەستەجەمعیدا، خۆگونجاندنی سەرمایەدارییەکی دڕندەیە لە چەشنی مۆدێلی ئەمریکی، یان تەنانەت خۆگونجاندنێکی فێندەمێنتاڵیی ئیسلامییە وەک ئەوەی لە ئێران دەیبینین، یان ئایینی ئەفرۆ-ئەمریکییە وەک ئەوەی لە بەڕازیل دەیبینین: فۆڕمی لێکدژی خواستێکی نوێی فێندەمێنتاڵە (هەڵبەت دەبێ پاپایزمی نوێی ئەوروپییش لەبیر نەکەین). ئەوروپا شتێکی نییە پێشنیازی بکات، وادیارە فەرەنساش هیچ تەماحێکی دیکەی نەماوە جگەلە پێشەوایەتیکردنی ئەوروپایەکی بەئەمریکیکراو و لەڕادەبەدەر چەکدارکراو کە دەکرێت لە لوتکەی خۆگونجاندنی ئابووریی پێویستدا بسەپێنرێت. بەڵام بواری مومکینەکان لە شوێنێکی دیکەدایە: بەدرێژایی تەوەری ڕۆژئاوا-ڕۆژهەڵات کشاوە، لە خواستی ئاشتەواییدا، بەو ئەندازەی کە هەڵوەشانەوەی پەیوەندیی ململانێ و چەکداربوونی لەڕادەبەدەر بۆ خۆی دیاریی دەکات، بەهەمان ئەندازەش تەماشای پەیوەندیی پیلانگێڕی و جیاکاریی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤێت دەکات. بەدرێژایی تەوەری باکوور-باشوور کشاوە، لە خواستێکی نێونەتەوەیی نوێدا، کە تەنها لەسەر ئەوە دانەمەزراوە هاوپەیمانی لەگەڵ جیهانی سێیەم بکرێت، بگرە لەسەر دیاردەکانی سەرهەڵدانی جیهانی سێیەم لە خودی وڵاتە دەوڵەمەندەکانیشدا (وەک گەشەکردنی شارۆچکە گەورەکان و تێکچوونی نێوجەرگەی شارەکان و هەڵکشانی جیهانێکی سێی ئەوروپی، وەک پۆڵ ڤیریلیۆ دەڵێت). هیچ چارەسەرێک نییە داهێنەرانە نەبێت. ئەمانە ئەو خۆگونجاندنە داهێنەرانەن کە ڕەنگە بەشداربن لە چارەسەرکردنی قەیرانی ئێستا و لەو شوێنەوە بەردەوام بن کە ئایارێکی ٦٨ی گشتێنراو بە تەنینەوەی دووسەرە و هەڵبەزودابەزی گەورە، کۆتاییهات.

سەرچاوە:

جيل دولوز وفيليكس جواتاري: مايو 68 لم يقع

ترجمە: احمد احسان

# ٦٨ ناکـۆتـایـــه

## گفتوگۆ لەگەڵ ژان لووک نانسی

## سازدانی: کارۆڵ دیڵی

لەم گفتوگۆیەدا، فەیلەسوف ژان لووک نانسی لە ئەزموونی ژیانی خۆیەوە شایەتی و تێڕامانی خۆی لەبارەی دیاردەی سەرسوڕهێنەری ٦٨ـەوە پێشکەش دەکات، وەک درێژەیەک بۆ کتێبەکەی بەناوی "حەقیقەتی دیموکراتی"[15] کە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن دەزگای گالیلیۆ بڵاوکراوەتەوە. "**٦٨ زیاتر لەوەی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان کولتوری یان هەر شتێکی تر بێت، میتافیزیکی و ڕۆحانی بوو. هەڵبەت هەموو ئەمانە بوو: بەڵام قووڵایی مەسەلەکە، جۆشوخرۆشی ئەو ساتە، ئەم وەرچەرخانە بوو، هەڵپەساردنی ئاڕاستەی مانایەک بوو کە لە شارستانیەتی ڕۆژئاوای کەمتر نەدەناسی**".

**کارۆڵ دیڵی**: زۆرجار ٦٨ وەک یەکێک لە گرنگترین جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی فەرەنسا نیشاندەدرێت، کە لە هەمان کاتدا جوڵانەوەیەکی خوێندکاری و کرێکاری بوو، کە لێوانلێو بوو لە مشتومڕ و گفتوگۆی گەرمی ناو زانکۆکان، کارگەکان، شانۆکان و شەقامەکان، وەک کاردانەوەیەک لە دژی دەسەڵاتی باڵادەست و کۆمەڵگای تەقلیدی و ئابووریی سەرمایەداری، وەک ئارەزوویەک بۆ گۆڕینی ڕیشەییانەی ژیان و جیهان... ئایا تۆش ٦٨ هەر بەمجۆرە پوخت دەکەیتەوە؟ تۆ بەشداربوویت لە ڕووداوەکانی ٦٨؟

**ژان لووک نانسی**: نەخێر، من بەمجۆرە پوختی ناکەمەوە، چونکە من زۆر بەسادەیی ناتوانم هەوڵبدەم پوختکردنەوەیەکی لەمجۆرە ئەنجام بدەم: ئەمە پێویستی بە توانستێکی مێژوونووسانە هەیە کە من خاوەنی نیم. کەسێکیش کە لەناو ٦٨ـدا ژیابێت تەنها کەمێک جیاوازیی هەیە لەگەڵ کەسێکی تر کە لەبری ژیانکردن لەناو ٦٨ لە دوورەوە چاودێریی کردووە و دواتر مێژووەکەی داڕشتۆتەوە. وەها دیاردەیەک لە ساتی خۆیدا کۆنترۆڵ

---

[15] Vérité de la démocratie.

ناکرێت، یان لانیکەم خۆی تەسلیمی کۆنترۆڵێکی خراپ دەکات. بێگومان جگەلەوەش من بەپێی کات و شوێنی جیاواز تێیدا ژیاوم (بەپلەی یەک لە ستراسبۆرگ بووم و کەمێکیش لە پاریس). لە هەندێ ساتیدا هەستم بە هەڵکشانی "بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی" و وەک تۆ دەڵێیت (چاکسازی و وەرچەرخانی زەروری) دەکرد، هەندێ ساتی تر لایەنی سیاسی تێیدا زاڵ بوو (چەپی پەڕگیر دژی چەپی کۆمۆنیستی یان سۆسیالیستی)، هەندێ ساتی تریش ئاهەنگی ئەنارشی بوو (چێژوەرگرتن لە هەڵپەساردنی کاروبارەکان و ئیفلیجکردنی هەموو پیشەکان...). بەڵام ئەوەی قووڵترین کاریگەریی لەسەر جێهێشتم ئەمە بوو: لەگەڵ هەندێ هاوڕێدا، لە ستراسبۆرگ (کە دوو ساڵ پێش ٦٨ بە هەندێ کاری هەڵوێستکارانە دەنگیدابووەوە)، بە دوورکەوتنەوەیەکی قووڵ لەئاست هەر جۆرە کردە و تێڕامانێکدا بەخێرایی کاریگەربووین: نە متمانەمان بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ هەبوو، نە بە خەباتی ڕیفۆرمخوازی (بۆئەوەی نەڵێین "شۆڕشگێڕی" چونکە هەرگیز ڕۆژێک دروشمێکی شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینەمان نەبینی - واتە ئامانجی دەستگرتن بێت بەسەر دەسەڵاتدا). تەنانەت کاتێکیش خۆمان بۆ کردارێکی دیاریکراو تەرخان دەکرد (کردارێک کە وەک دەوترێت لە جۆری ڕووداو بێت) باش دەمانزانی کە گرەوەکە لەسەر ئەوە نییە. مەسەلەکە پەیوەست نەبوو بە ئامرازی نوێی خەبات. بگرە زەرورەتی خۆلادان بوو لە زیادەڕەویکردن لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان: بۆنموونە، دامەزراندنی "زانکۆیەکی ڕەخنەیی"، ئەو شتەی کە بەلای زۆرینەی خەڵکەوە جۆشوخرۆشی زۆری دروستدەکرد، بەلای ئێمەوە هەڵە بوو. چونکە نەدەبوو شتێک دامەزرێنین، یان دووبارە دایمەزرێنینەوە. بەڵکو دەبوو هەنگاوێک خۆمان لە هەموو ئەو خۆرە ژێستانە بەدوور بگرین. لە بەرامبەردا، گرەوەکە لەسەر ئەوە نەبوو دڵخۆش بین بە جۆرێک لە ئەنارشیزمی پووچگەرا و هەژانی هەموو دڵنیایی و دامەزراوەکان ببینین و نە لە خەمی وێرانبوونیاندا بین و نە لە خەمی گۆڕینیاندا، نەخێر، گرەوەکە لەسەر گرتنەبەری ڕێکاری گۆڕانێک بوو کە ڕووداو هێنابوویەوە ئاراوە: کەشفکردنی جیهانێکی تەواوەتی و پڕ لە دڵنیایی و دامەزراوە و بونیاد و دەلالەت، لەوەی لە حاڵەتی گرژیدا بێت. چیدی لە "قەیران"ـێکدا نەبوو شایەنی چارەسەر بێت - وەکئەوەی هۆسرڵ لە "قەیرانی زانستە ئەوروپییەکان"ـدا بیری لێدەکردەوە- بگرە لە گرژیی سەرەمەرگدا یان وەرچەرخانێکدا بوو کە نەدەتوانرا و نە دەبوو پێشبینیی کۆتاییەکەی

بکەین. پێشبینیکردن، پرۆژە، ڕێک ئەو شتە بوو کە دەبوو بۆ ماوەیەک لێی بکشێینە دواوە بۆئەوەی فێری ڕێگایەکی نوێی خەملانی مێژوو ببین: چیدی مێژوویەک نەبوو کە ئێمە سوبێکتەکانی بین، مێژوویەک بوو تێیپەڕاندبووین و لەپێشمانەوە بوو.

ئەمە بە مانای ئەوەش دەهات کە: چیدی حەقیقەتێک نییە لە داهاتوودا بێت، بابەتی ئامانجێک یان ئیرادەیەک بێت، بەڵکو حەقیقەتێکە لە ئێستادا، حەقیقەتێک کە لە پرۆژە دوورترە (کە بێگومان دایدەمەزرێنێت، بەڵام ناتوانێت تێری بکات)؛ شتێکی وەک دووپاتکردنەوەی بوون لە جیهاندا، لەسەر حسابی هەموو پرۆژەکانی دروستکردن و بەرهەمهێنانی مانای جیهان.

لەمەدا، ٦٨ زیاتر لەوەی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان کولتوری یان هەر شتێکی تر بێت، میتافیزیکی و ڕۆحانی بوو. هەڵبەت هەموو ئەمانە بوو: بەڵام قووڵایی مەسەلەکە، جۆشوخرۆشی ئەو ساتە، ئەم وەرچەرخانە بوو، هەڵپەساردنی ئاڕاستەی مانایەک بوو کە لە شارستانیەتی ڕۆژئاوای کەمتر نەدەناسی.

ڕەنگە پێتوابێت وڕێنە دەکەم، یان لانیکەم زیادەڕەوی دەکەم. هەرگیز. دەبێ جەخت لەوە بکەمەوە ڕێک شتێکی لەمجۆرە بوو کە ئەوکات بەو ڕووداوەمان بەخشی. هەموو ڕەگەزەکانی قەیران و ڕیفۆرم کە تێکەڵی بوون، هەموو هەوڵە شۆڕشگێڕی و وێرانخوازییەکان وایان لێنەکرد دزە بکاتە ناو هەگبەیەکەوە کە هەموو شتێکی تیابوو، ئینجا لە کۆتاییدا لە بڵێسەیەکی دیکەدا بتوێتەوە. بەبێ ئەمە، ناتوانین لە جۆشوخرۆشی ئاوارتەی ئەو ئاهەنگە و بەپیتیی ئەو دۆزینەوە تازانە تێبگەین: تێیدا، ٦٨ بەپێچەوانەی قەیران و ڕەخنەوە ئاماژەی بۆ شتێکی دیکە دا. ئەم شتەی دیکە، ئەو شتەیە کە لەو کاتەوە بێوچان هەوڵدەدەین ناوی بنێین – ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەسەلەکە پەیوەستە بە شتێکی بێناوەوە...

**کارۆڵ دێلی**: ئەو سەرگوزەشتەی ئێستا گێڕاتەوە بەڵگەی هەیە، پێشتریش گوزارشتت لە خۆت کردووە. هاوکات، ئەوەتا تۆ وەک فەیلەسوفێک خەریکیت دووبارە بیر لە دڵی دیاردەیەک دەکەیتەوە کە تێیدا ژیاویت و لەپاش چل ساڵ بەردەوام هەستی پێدەکەیت

– یان هێشتا ***لەئامادەییدا***[16] هەستی پێدەکەیت، کە ڕەنگە ژان لووک نانسی لە ساڵی **١٩٦٨**ـدا هێشتا ئەم وشەی **[ئامادەییەی]** دانەهێنابێت. کەواتە سەبارەت بەو "وەرچەرخانە"ی نیگارکێشتکرد، بێئەوەی پێموابێت ورێنە دەکەیت، دەپرسم ئایا پێتوایە شتێک ڕوویدا، یان لانیکەم ڕوودەدات، بەردەوامە لە ڕوودان؟ ئایا ئەم وەرچەرخانە لە پێش **٦٨**ـەوە لەئارادایە؟

**ژان لووک نانسی**: بەڵێ، پێموایە لێمتێدەگەیت: ئەوەی هەبوو لە **٦٨**ـدا وەک نمایشێکی توند ڕوویدا، بەڵام هێشتا هەر لە ڕووداندایە، بەڵام نەک وەک نمایشێکی پەسەند بەڵکو وەک دەرئەنجامێک بۆ زۆرترین نیشانە و پرسیار و مەترسییەکانی سەردەمەکەمان. لێرەوەیە ئەو بێتواناییە قورسەی سیاسەتی پاش **٦٨** -کە لەشێوەی لۆچێکی دووتوێیە و تێیدا نەمانی سەنگی خودی پیادەکردنی سیاسەت هاودەمە لەگەڵ گەڕان بەدوای فۆڕمی نوێی کردار (هاودەمی، هاوبەشی، خۆجێیی، کەمینەیی...) و هاوکاتە لەگەڵ گەڕانەوە بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت (لە ڕووبەڕووی کێشە داراییەکان و قەیرانی نوێی پترۆڵدا) و پەنابردنە بەر یاسای نێودەوڵەتی- هەر لێرەشەوەیە هەموو ئەو فۆڕمانەی کە توێژینەوە و ئەزموونی هونەرمەندەکان دەیگرنەبەر، لەگەڵ بەفیرۆدانی هەستپێکراوی هەمان فۆڕمە گریمانەکراوەکانی "مۆدێرنە"، چ لە "داهێنانیدا" یان لە "دەرکەوتنیدا". ئەمە پێشتر دەستیپێکردبوو: لە ڕاستیدا نەوەی من (بابڵێین ئەو نەوەی کە لەنێوان ساڵانی **٥٦** بۆ **٥٨** لە قوتابخانەی ناوەندی دەرچوون) یەکەمین نەوە بوون کە گرفتاری جۆرێک لە کاریگەریی بۆشی و بەتاڵی بوون: لەوکاتەدا ئەوانەی لە ئێمە گەورەتربوون بە توندی بیریان لە بەرەنگاربوونەوەی سیستەمە تۆتالیتارەکان دەکردەوە، بیریان لە هەناردەکردنی ڕێچکەی ئەورووپا دەکردەوە، بیریان لە پێشکەوتنخوازییەکی خاوەن ئاسۆیەکی سۆسیالیستی دەکردەوە، ئەوکات ئێمە نوقسانیمان لە گوفتار و بیرکردنەوەدا هەبوو. ئیدی ڕاستەوخۆ لەپاش ئەوە -دەوربەری **٦٨**- ئەو هەڵچوونە ئاوارتە فیکری فەلسەفی و هونەرییە ڕوویدا کە تێیدا خۆشبەختانە ڕۆحێکی نوێمان تیا ناسی. بەڵام ئەم ڕۆحە لە هەمان کاتدا، لە چەندین ڕووەوە، شوێنێکی دیکەی دیاریکرد، شوێنێکی دیکە بەنیسبەت مێژووەوە،

[16] Prés-ence.

بەنیسبەت مرۆڤگەراییەوە، بەنیسبەت دڵنیاییە دیموکراتی و یاساییەکانەوە، بەنیسبەت چوارچێوەی گشتیی "ئەقڵانیەتی" ڕۆژئاواییەوە (یان ئەوەی کە ئەوکات بە هەڵەشەیی لەژێر ناوی "میتافیزک"ـدا کۆمان دەکردەوە، بەڵام ئێستا ئەمە گرنگ نییە).

پێموایە دەتوانم مەسەلەکە بەمجۆرە پوخت بکەمەوە: بەڵێ، ئەو ئەقڵەیە کە بە میراتی لە ڕێنیسانسەوە ماوەتەوە، لە ڕۆشنگەرییەوە ماوەتەوە، لە کانت و هیگڵەوە (پاشان لە مارکسەوە) ماوەتەوە، کە بۆتە شتێک ناتوانین خۆمان لە مامەڵەکردن لەگەڵی بدزینەوە. ئەو داواکارییە شاراوەی باسی دەکەم و ٦٨ کەوتە ژێر بارییەوە ئەمە بوو: چۆن بتوانین مامەڵە لەگەڵ "ڕۆشنگەری"ـدا بکەین (چونکە ئەم زاراوەیە ڕەمزیترینیانە)؟ بۆنموونە: بۆچی و بە چ مانایەک ناوی "ڕۆشنگەریی نوێ" دەنێین، وەکئەوەی کە دێریدا کردی؟ بە واتایەکی تر، چۆن بتوانین ئەقڵ بۆ مەودایەکی درێژتر و باڵاتر و پێشکەوتووتر دووبارە بکەینەوە؟ بەڵام لە هەمان کاتدا ئەقڵانیەتی تەکنیکی و سەرمایەداریی خاوەن ئامانجی نادیاریکراو و چوونیەکیی بازرگانیی بێباک بەرامبەر بە ستەم و ئیستیغلالکردن، لە هەموو شوێنێک سەردەکەوێت و بێنەوایانە پشت بە ئەقڵانیەتێکی یاسایی دەبەستێت کە بەردەوام "مافەکانی مرۆڤ" پێشێلدەکات. کەواتە مەسەلەکە پەیوەندیی بەمەوە هەیە: دووبارە ئەقڵێک بۆ خۆمان دروستبکەین – لەکاتێکدا لە هەموو شوێنێک وادەردەکەوێت لەوە باشترمان پێ ناکرێت کە هۆکارێک بۆ خۆمان دروستبکەین (بۆ توندوتیژیی جەنگی و مافیایی و دارایی و گڵاو...).

**کارۆل دیلی**: لە کتێبی "**حەقیقەتی دیموکراتی**"تدا، باس لەوە دەکەیت کە ٦٨ بە کۆششێکی نوێوە پرسیاری دیموکراتی دەوروژێنێت، هەر لە سەرەتاشەوە دەنووسیت ٦٨ میراتی نییە. ئێمە ئەم فایلەی Sens Publicـکمان ناوناوە "میراتی ئایاری ٦٨". لە خۆمم پرسی ئاخۆ قسە لەسەر میراتی شۆڕشی فەرەنسی بکەیت بۆنموونە، یان لەسەر ڕۆشنگەری، وەکئەوەی ئێستا کردت. زۆرجار ژاک دێریدا پێداگریی لەسەر گرنگیی میرات و ڕێزگرتنی دەکرد، پێداگریی لەسەر گرنگیی خیانەتلێکردنی دەکرد بە وەفاداربوون بۆی، "ئێمە بە تەواوی مانای وشە میراتگرین". هەستەکەم ئەم بیرکردنەوە، کە بابڵێین

بیرکردنەوەی سوبێکتێکیە کە خانم و خاوەنی ئەو میراتەیە، بیرکردنەوەی ٦٨ نییە، وەکئەوەی بیریاری هەڵوەشانەوەگەرایی... بەڵام ڕەنگە ڕیسکم کردبێت؟

**ژان لووک نانسی**: بێگومان هەمان پەیوەندیی ژاک دێریدام نییە بە ئایدیای "میرات"ـەوە. وەگەر بمانەوێت کەمێک بە ژیاننامەدا بچینەوە، دەڵێم دێریدا چەندین میراتی هەبووە کە بە هەمان وەفادارییە ئەو میراتگرەوە وەریگرتووە کە دەزانێت سپاردەیەک وەردەگرێت و دەبێت شەونخونی بەدیارەوە بکێشێت و بەرهەمداری بکات. میراتێکی جەزائیری و میراتێکی یەهودی و میراتێکی فەرەنسی هەبوو: بەهۆی جیاوازی و هاوشانییان لەگەڵ یەکدی، هەموویان وەک "میرات" دەرکەوتن. بەڵام من میراتگری یەک میراتی زەبەلاحم کە کۆدەنگی لەسەرە -فەرەنسی، کاسۆلیکیی "چینی مامناوەندی باڵادەست" (کەواتە شەعبیەتی کەمترە لە ژاک دێریدا)- بەجۆرێک کە وەک میراتێک ناجیاوکە و نابینرێت. هەستناکەم هەڵگری سپاردەیەکم: هەمیشە ئارەزووم کردووە ئەو شتە پەراوێزبخەم کە لەلایەن چینەکەمەوە کۆدەنگی لەسەربوو، لانیکەم ئەو ڕەفتارانەی بەرنامەڕێژ کرابوون. بەڵام نە پشتگوێخستن و نە بێلایەنی: پێموایە چ بۆ من و چ بۆ دێریدا، کاری فیکری بەگشتی پەراوێزخستنە، دابڕانە لەگەڵ وێنەیەکی دیاریکراوی "میرات".

بەڵام با ژیاننامە لەبیربکەین و بگەڕێینەوە بۆ ٦٨. بە نەفیکردنی بوونی "میراتی" ٦٨، ویستم "مردن"ی ٦٨ نەفی بکەم، چونکە بەبێ مردن میرات بوونی نییە. مردنێک ڕووینەداوە چونکە شتێک نەوەستاوە (هەڵبەت جگە لە وەستانی "ڕووداوەکان" وەکئەوەی ئەوکات پێیاندەوت). لە ٦٨ـدا هەموو شتێک دەستیپێکرد: هەموو شتێک، زەنگی گۆڕانکاریی شارستانیەت. دوودڵ نابم لەوەی ئەو شتە بەمجۆرە بڵێم، چونکە زیاترە لەوەی تەنها گۆڕانکاری بێت لە "کۆمەڵگا"دا یان لە "کولتور"دا یان لە "فیکر"دا. ئەوکات تیژبینی ئەوەمان کرد کە جیهان دەگۆڕێت (تیژبینییەک نا لەشێوەی پێشبینی، لەشێوەی وێناکردنی ئایندە، نەخێر، بەڵکو لەشێوەی نادیاریکراوی دەرککردنی ئێستا وەک دابڕانێک لەگەڵ ڕەوڕەوەی شتەکان). جیهان: تۆڕی ئاڵووێرە مومکینەکانی مانا. دووبارە، ڕەوڕەوەی شتەکان: ٦٨ واتە ڕەوڕەوەی شتەکان چیتر "بەڕێوەناچن"، بەڕێگای خۆیاندا ناچن. شتێک هەیە کە چیتر بە ڕێگای خۆیدا ناڕوات: ڕەوڕەوەی مێژوو، ڕەوڕەوەی پێشکەوتن، ڕەوڕەوەی

کۆنی مرۆڤایەتی، ئەقڵانیەت و سەروەری چاەرنووسی. ٦٨ بەشێوەیەکی تارماوی تێژبینیی ئەوەی کرد کە "حیکایەتی گەورە"ی (وەکئەوەی دواتر لیوتار بەکاریدێنێت) مرۆڤایەتیی پێشکەوتووخواز و دیموکراتی و ئەقڵانی و ماقووڵ، چیتر ڕەوڕەوەیەکی دانەبڕاو و ڕاخراوی لەبەردەمدا نییە. بەپێچەوانەوە داخراو بوو، خنکاو بوو، لەڕێی خۆی لایدابوو، یان بەرەو دواوە دەچوو. بەمجۆرە ٦٨ زیرەکی و تیژبینیی ئەوەی هەبوو تێبگات لەوەی بومەلەرزە توندئاژۆکانی دوو جەنگ و ڕژێمە "تۆتالیتارەکان" ڕووداوی غەمگینانە و قەیرانگەلێک نەبوون لێیاندەرچین و دووبارە بچینەوە سەر ڕەوڕەوەی مرۆڤایەتی، ئەو جۆرە مرۆڤایەتییە.

بۆیە لێرەدا کێشەی میرات نابینم. جگەلەوەش، ئەوەی لەبارەی دێریداوە دەیڵێیت بەلای منەوە، تەنانەت وەک گریمانەیەکیش کە هەموان وەک تۆ هەر زوو دەستبەرداری بوون، پڕە لە مەترسی. ئێستا لە زەینمدا تێکستێک نییە، بەڵام دڵنیام لەوەی چوونەڕیزی نەریتەکان بەلای ئەووەوە -گواستنەوە، گەیاندن، پەڕینەوە- لەلایەن "سوبێکتێکەوە" کە نایناسم هیچ "سەروەرییەکی" تیانەبوو. لەوێدا هیچی دیکە نابینم جگە لە ڕێگایەکی ساختە، ئەگەرنا دەبێت تێکستەکانم پێ بڵێن[17]. تۆ خۆیشت لەلایەکی دیکەوە باس "خیانەتکردن لەڕێگەی وەفادارییەوە" بۆ میرات دەکەیت: ئەمەش واتە وەفاداربوون بۆ قووڵترین و هەندێجار شێواوترین ڕەگەزی نەریتگەلێک کە دەکرێت خیانەتکردن لە ڕوونترین و ڕیشەییترین فۆڕمەکان لەخۆبگرێت. بۆنموونە: یانی چی وەفاداری بۆ کۆمۆنیزم؟... وەڵام نادەمەوە، چونکە پێموایە بە باشی لێمتێدەگەیت!

**کارۆڵ دیلی:** لە هەمان کتێبدا نووسیووتە چوونیەکیی بازرگانیی سەرمایەداری لە کۆمەڵگا دیموکراتییەکاندا سیستەمێکی چوونیەکیی گشتێنراوی بەرهەمهێناوە کار بە میتۆدی "هەموو شتێک ڕێگەپێدراوە" دەکات. دەبێ پارێزگاریی لە پشکی "ئەو شتانە بکرێت کە بەهایان نییە چونکە لە دەرەوەی هەر بەهایەکن کە شایەنی پێوانەکردنن"، داهێنان،

[17] ئەم بڕگەیە لە Échographies ئەو گریمانەیە پووچەڵ دەکاتەوە: "میرات، شتێکە کە ناتوانم ببمە خاوەنی، هی ئەو کەسەیە کە لە بەرپرسیارێتیدایە، دەتوانم دابەشی بکەم، بەڵام مافی تەواوم بەسەریەوە نییە. من دەبمە میراتگری شتێک کە دیسان خۆیشم دەبێت بیگوازمەوە: ئەمە شۆکهێنەر بێت یان نا، هیچ مافێکی خاوەندارێتیکردنی میرات بوونی نییە. ئەمەیە لێکدژییەکە. من هەمیشە کرێچیی میراتێکم. سپاردەی میراتێکم، بینەر و ڕاگوێزەری میراتێکم... من بە قەرز نەبێت ناتوانم ببمە خاوەنی میراتێک. ئەمە زمانیش دەگرێتەوە.
(Jacques Derrida, Bernard Stiegler, Échographies, Galilée, Paris, 1996, p. 124)

خۆشەویستی، بیرکردنەوە، هەرچی ئارەزووی هەڵگرتووە؛ دژ بە دروشمی "هەموو شتێک سیاسەتە"ی ٦٨ـیش، تۆ دەڵێیت سیاسەت دەبێ ئەو فەزایە بەڕێوەببات بێئەوەی وەبەریبێنێت. ئەو ترسەش کە ڕەنگە ئەمڕۆ بەرۆکمان بگرێت ئەوەیە، هەموو شتێک لە دوایین لێکدانەوەیدا پشت بە سەرمایەداریی دارایی دەبەستێت، کە بۆتە گەمەی ژمارەیەک کەسی کەمی جیهان و تاڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی کۆنترۆڵدایە (قەیرانی ڕەهنەکانی خانووبەرە لە دەرەوەی هەر چاوەڕوانییەک بوو). لەنێوان ڕووناکیی گەورەی ئەو فیکرەی لەپاش ٦٨ پەیدابوو -ساڵی کۆنگرەکەی ژاک دێریدای لاو لە نیویۆرک، "کۆتاییەکانی مرۆڤ"- و نێوان ڕەوڕەوەی غەمگینانەی ڕووداوەکان، جیابوونەوەیەکی سەرنجڕاکێش دەبینرێت. بەبێ گەڕان بۆ جوڵانەوەیەکی مێژوویی، مرۆ دەیەوێت لەوەدا مانا بدۆزێتەوە، بتوانێت بە فیکر ڕووبەڕووبوونەوە بکات...

**ژاک لووک نانسی**: من بە دیاریکراوی نەمویستووە وا لە خەڵک تێبگەیەنم کە سەرمایەداری "سیستەمێکی... لە کۆمەڵگا دیموکراتییەکاندا... بەرهەمهێناوە": بە دیاریکراوی نا! ویستوومە وا تێبگەن کە سەرمایەداری و دیموکراتی لە ڕوویەکی دیاریکراوەوە ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە ئاکامەکانی گوتەزای "هەموو شتێک ڕێگەپێدراوە". کە سەرچاوەی خۆی لە چوونیەکییەکی گشتێنراودا دەبینێتەوە کە بەلای خۆیەوە ئاڵوگۆڕی شمەک ئاڵوگۆڕی هێزی کرێکار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی نێو تاکگەلێک لەخۆدەگرێت کە لە ڕووی بنەماوە چوونیەکن و لە پراکتیکیشدا ڕێکخراون، لەسەر بنەما و بەهۆی ئیستیغلالکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەوانیدی لەلایەن کەمینەیەکەوە. پێچاوپێچترین ئیستیغلالیش کە بە خۆسەریی ڕێژەیی پرۆسە داراییەکاندا تێپەڕدەبێت، نوسخەیەکی زۆر بێبەزەیانە و ڕەنگە بڵێم زۆر شلوشۆڵیش پێشکەش دەکات کە مەترسییەکەی لەویتر کەمتر نییە.

پێموایە ئەم کۆکراوە-چوونیەکییەی تاکەکان و ژیارییەکان و ئەو شتانەی کە بەبێ جیاوازی قابیلی ئەوەن بگۆڕدرێن بۆ پارە (چونکە لەوەتەی پارە هەیە، هەموو شتێک بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆتە ئەوەی قابیلی ئەوە بێت بگۆڕدرێت بۆ پارە) بە تایبەت ئەوانەی هەر بەڕاست گۆڕدراون بۆ پارە (ئەو کارە هونەریانەی کڕینیان پێوەدەکرێت و نرخیان لەسەر دادەنرێت و وەبەرهێنانیان پێوەدەکرێت، دیمەنە سروشتییەکان، ئاو، هەوا، تەنانەت خۆریش...)، بە

ڕەچاوکردنی یەکسانیی نێوان هەموو ساتێک، هەموو فۆڕمێک و هەموو درەوشانەوەیەکی مانا، دەتوانرێ لە چوونیەکییەوە سەرچاوە بگرێت -کەواتە پێموایە بۆتە "بژاردەی" تەواوی شارستانیەتێک. ئێمە لە ئێستاشدا پشتمان لە دیوارەکەیە: چونکە ئەم شارستانیەتە خەریکە خۆی وێران دەکات، بە ئیستیغلالکردنی مرۆڤ و سروشت و ئەو شتەی کە من لەبەر نەبوونی وشەیەکی باشتر پێی دەڵێم "ناکۆتا"، بۆئەوەی نەڵێم "خودایی".

ڕێکەوت نییە کە مەسیحیەت (کە دوو فۆڕمی دیکەی یەکتاپەرستی لە پێش و پاشیەوە هاتوون) وەک ڕوخسارێکی شکۆمەندی پیرۆزی چوونیەکی پەیدا بووە و بڵاوبۆتەوە: هەموان یەکسانن، هەموان بران، نە گریگ نە جوولەکە، نە مرۆڤی ئازاد نە کۆیلە، نە ژن نە پیاو — بگرە بە مانایەک کە دەبێت بەمجۆرە بێت: هەموو کەسێک دانسقەیە، هەموو کەسێک لە ئاوارتەییەکی تاقانەی ڕەهادایە. ئەگەر مەسیحیەت بەشێوەیەکی باش لەگەڵ سەرمایەداریدا هەڵدەکات، تا ئەندازەیەک کە تێیدا ڕۆحی خۆی لەدەست دەدات -بەئەندازەی شیانی ئەم قسەیە- ئەوە لەبەر قابیلیەتی ئاڵوگۆڕی هەرە پیلانگێڕیانەی هەردوو چوونیەکیەکەیە: چوونیەکیی سەرمایە و چوونیەکیی ڕزگاری.

من لە هەوڵی ئەوەدا نیم گرێی ئەم پێکداچوونە بکەمەوە: چونکە ئەو شتەی کە لە هەڵبژاردنێکی جەوهەرییەوە هەڵتۆقیووە، یان ئەگەر پێت باش بێت، ئەوەی لە خواستێکی باوی مرۆڤایەتییەوە لە ڕۆژئاوا سەرچاوەی گرتووە -هەڵبەت لە قۆناغی "پێش-سەرمایەداری"ـیەوە- ناتوانین پیایدا بچینەوە و ئاڕاستەکەی بگۆڕین بە کاریگەریی خواستێکی دیکە و هەڵبژاردنێکی دیکە نەبێت. هەڵبەت ناتوانین "هەڵبژێرین"، وەک سوبێکتی خاوەن هەڵبژاردنی ئازادانە (دەرکەوتنێکی دیکە کە بۆ هاوشانیکردنی چوونیەکی دامەزراوە)، بەڵام دەتوانین هەوڵبدەین تێبگەین لەوەی کە "هەڵبژاردن"ـێکی خۆنەویستانە چۆن حوکممان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە خۆی وەک دەرکراوێک ببینێتەوە، وەک پەراوێزخراوێک، ئاوەژۆکراوێک بەهۆی هەڵبژاردنێکی دیکەوە. ماوەیەکی نزیک پێش ئێستا هاتینە سەر ئەو بڕوایەی دەتوانین ڕەوڕەوەیەکی نوێ لە بەردەم مێژوودا بکەینەوە و "سۆسیالیزم"ـمان گرتەبەر: هەڵەکە لەوەدا بوو پێمانوابوو پلانی مومکین و کەرەستەی وەرچەرخانمان لەبەردەستدایە. بەڵام ئەمڕۆ دەبێت ئەوە بزانین کە بێ پلان و بێ

وەرچەرخانین، بەڵام سەرباری هەموو شتێک لەبەردەم ئەوەداین بەئاقارێکی دیکەدا بڕۆین... بێگومان، تۆ ڕاست دەکەیت، لەنێوان ساڵانی **٦٨** و ٨٠ـدا (کاتێک من و لاکۆ لابارت ئەم ناونیشانەمان بۆ کۆڕبەندی سیریزی ئامادەکرد) هێشتا پێمانوابوو، ئەگەرچی بەشێوەیەکی ئاڵۆز و نیگەران بێت و جوداش بێت لە "مانای مێژوو"، کە **کۆتاییەکانی مرۆڤ**، ئەگەر دروشم نەبێت، دەتوانێت لانیکەم جۆرێک بێت لە ئاڕاستەکردن. پاشتر هەموو پلانێکی "ڕۆژهەڵات" هاودەم لەگەڵ پلانی "ڕۆژئاوا"ـدا لەناوچوو. دابەشبوونێکی نوێی ئیستیغلالکردن ڕووی تێکردنەوە، کە لەم دووبارە دابەشکردنەوەیەی جیهاندا "کۆتاییەکان" نین کە شێواو و بەهەڵمبوون، بگرە "مرۆڤەکانن". پرسیاری "مرۆڤگەرایی" بە ڕاستی لە ساڵی **٦٨**ـدا ئامادەبوو – لەوەش زیاتر زۆربەیجار پێشوازییەکی خراپی لێدەکرا. نەماندەویست بزانین کە "مرۆڤگەرایی" مرۆڤ لە ناکۆتا جیادەکاتەوە. ئەمڕۆ ئەمە دەزانین. ئەم زانینەش لەدژی مرۆڤ نییە: بگرە زانینێکە بەوپەڕی فراوانیی خۆیەوە بە ڕووی ئەو پرسیارەدا ناکرێتەوە کە "مرۆڤ" چ "مانا"ـیەکی هەیە و "چییە" و "نوێنەرایەتی" چی دەکات، بگرە بە ڕووی ئەو پرسیارەدا دەکرێتەوە کە بۆچی **بانگ دەکرێت**. مرۆڤ بەرەو چی بانگ دەکرێت؟ بەرەو کێ؟ ڕووەو "مرۆڤ"ـێک کە هێشتا ماوە، ڕەنگە، بەڵام چۆن، لە چ هەلومەرجێکدا و بەپێی چ جۆرە کرانەوەیەکی ناکۆتا؟

سەرچاوە:

68 بلا نهاية: مداولات مع جان – لوک نانسي

حوار أجرته كارول ديلي

ترجمه: احمد احسان

# هێشتا هاوسەردەمی ئایاری ٦٨ــین

## ئالان بادیۆ

## لەپاش چل ساڵ، چاوخشاندنەوەیەک بە ئایاری ٦٨ــدا

دەمەوێت لە پرسیارێکی زۆر سادەوە دەستپێبکەم: ئایاری ٦٨ ئەم هەموو خۆسەخڵەتکردنەی بۆ چییە، بۆچی چل ساڵ پاش ئەو ڕووداوە، بە کتێب و وتار و بەرنامە و مشتومڕ و هەموو چەشنە ڕێوڕەسمێک یادیدەکەینەوە؟ لەکاتێکدا لە سییەمین یان بیستەمین ساڵیادیدا شتی لەمشێوەمان نەبینی.

یەکەمین وەڵام زۆر ڕەشبینانەیە: بۆیە ئەمڕۆ ئاهەنگ بۆ ئایاری ٦٨ دەگێڕین چونکە دڵنیاین لەوەی مردوە. چل ساڵ پاش ڕووداوەکان، هیچ شتێک نەگۆڕاوە. وەک هەندێک لە دەمڕاستەکانی ٦٨ پێماندەڵێن. کۆن بێندێت، کە ئێستا سیاسەتوانێکی ئاساییە، پێماندەڵێت "**ئایاری ٦٨ لەبیرکەن**". ئێمە ئێستا لە جیهانێکی تەواو جیاوازداین، بارودۆخەکەش تەواو گۆڕاوە، بۆیە دەتوانین بەوپەڕی ئارامییەوە ئاهەنگ بۆ سەردەمی جوانی لاویمان بگێڕین. هەرچی لەو کاتەدا ڕوویدا، لەئێستادا هیچ دەلالەتێکی زیندووی بۆ ئێمە پێ نییە. بۆ ئێستا جگە لە نۆستالژیا و فۆلکلۆر، هیچی دیکە نییە.

دووەمین وەڵام زۆر ڕەشبینانەترە: ئێمە بۆیە ئاهەنگ بۆ ئایاری ٦٨ دەگێڕین، چونکە دەرئەنجام و پاڵەوانی ڕاستەقینەی ئایاری ٦٨، نیولیبراڵ و سەرمایەداریی بێبەربەستە. چونکە ئایدیا ئازادیخوازەکانی ئایاری ٦٨ و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوەی ژیانماندا هات، پێنانە نێو تاکگەرایی و ئارەزووکردنی ژویسانس، سەرجەمی ئەمانە لە سەرمایەداریی پۆستمۆدێرنە و جیهانە گاڵتەجارەکەیدا بەدیهات، کە بە مەسرەف و بەرخۆریی هەمەجۆر تەنراوە. سارکۆزی بۆخۆی بەرهەمی ئایاری ٦٨ــە، ئاهەنگێڕانیش بۆ ئایاری ٦٨، وەک گلوکسمان دەڵێت، ئاهەنگێڕانە بۆ ڕۆژئاوای نیولیبراڵ کە سوپای ئەمریکی لە ڕووبەڕووی بەربەریەکاندا دلێرانە بەرگری لێدەکات.

دەمەوێت بە هەندێک گریمانەی گەشبینەوە، لەمەڕ ئەمەی ئاهەنگی بۆ دەگێڕین، ڕووبەڕووی ئەم تێڕوانینە خەمبارانە ببمەوە.

یەکەم، ئەم گرنگیدانە بە ئایاری ٦٨، بەتایبەت لەلایەن بەشێکی گرنگی لاوانەوە، بەپێچەوانەی گریمانەی دووەمەوە، یاخیبوونە لە سارکۆزی. چونکە لەوپەڕی نەفیکردنەوەی ٦٨ـدا، هێشتا وەک سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش سەیری دەکرێت، وەک جۆرە هەڵبەستێکی مێژوویی کە بەهۆیەوە سەرلەنوێ ئازایەتی بەدەستدێنینەوە، بەهۆیەوە لەم چەقی نائومێدیەدا پەرچەکردارێکی ڕاستەقینە بەئەنجام دەگەیەنین.

پاشان گریمانەیەکی گەشبینانەتر هەیە: ئەم ئاهەنگێڕانە، بە لایەنە فەرمی و کاڵاییی و شێوێنراوەکەیەوە، پەردە لەسەر ئەو ئایدیا لادەدات کە دەڵێت جیهانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکە شتێکی ئەگەرکراوە و ڕێیتێدەچێت، ئایدیای گۆڕانکاریی مەزنی رادیکاڵیش، کە بۆ دوو سەدە شۆڕشی پێدەوترا و دانیشتوانی ئەم وڵاتەی بۆ ماوەی چل ساڵ بەخۆیەوە سەرقاڵکرد، بەبێدەنگی لەپشتی دیکۆری فەرمی شکستی تەواوی خودی ئەم ئایدیاوە ڕێدەکات.

بەڵام دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دواوە و لەوێوە دەست بە باسەکەمان بکەین.

ئەو خاڵە سەرەکییەکی کە دەبێت لێی تێبگەین ئەمەیە: ئەگەر ئەم ئاهەنگێڕانە ئاڵۆزە و گریمانەی دژیەک هەڵدەگرێت، لەبەرئەوەیە ئایاری ٦٨ خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی زۆر ئاڵۆزە. ئاستەمە وێنەیەکی یەکگرتوو و گونجاو بدرێت بەو ڕووداوە. لێرەدا هەوڵەدەم ئەم دابەشبوونە ناوخۆییە، ئەم فرەییە نارێکەی ئایاری ٦٨ـی پێ جیادەکرێتەوە، ڕوونبکەمەوە.

لەڕاستیدا چوار جۆر "ئایاری ٦٨" بوونی هەیە. هێز و تایبەتمەندیی ئایاری ٦٨ـی فەرەنسی لەوەدایە چوار پێواژۆی ناچونیەکی ئاوێتەکرد. دەرئەنجامەکانی ئەم ڕووداوەش بۆیە هەمەجۆرن، چونکە ئێمە تەنیا لایەنێکی دەبینین و کۆی لایەنەکان نابینین کە وایلێدەکەن ڕووداوێکی بەهادار و زۆر بەنرخ بێت.

با گرێکانی ئەم ئاڵۆزییە بکەینەوە.

ئایاری ٦٨ بەر لە هەر شتێک یاخیبوون بوو، ڕاپەڕینێک بوو لاوانی زانکۆ و دواناوەندییەکان ئەنجامیاندا. ئەمەیان لایەنە سەرنجڕاکێش و ناوداره‌کەیەتی کە کۆمەڵێک وێنەی بەهێزی بۆ بەجێهێشتووین کە سەرئەنجام بۆیان دەگەڕێینەوە: خۆپیشاندانی جەماوەری، دانانی بەربەست لە شەقامە گشتییەکاندا، ململانێ و پێکدادان لەگەڵ پۆلیسدا، هتد. پێموایە دەبێت لەم وێنانەی توندئاژۆیی داپلۆسین و جۆشوخرۆشەوە، سێ تایبەتمەندی پاڵفتە بکەین. یەکەم: ئەم یاخیبوونە لەکاتی خۆیدا دیاردەیەکی جیهانی بوو (مەکسیک، ئەڵمانیا، چین، ئیتاڵیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا..). کەواتە دیاردەکە دیاردەیەکی فەرەنسی ڕووت نییە. دووەم: دەبێت ئەوەمان لەبیربێت لەو سەردەمەدا گەنجانی زانکۆ و دواناوەندییەکان کەمینەی گەنجان بوون، چونکە لە ساڵانی شەستەکاندا، لەسەدا پانزە بۆ لەسەدا بیست و پێنجی خەڵک هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون. بۆیە کاتێک باسی خوێندکاری زانکۆ و دواناوەندییەکان دەکەین، باس لە کەمینەیەکی کەمی لاوان دەکەین لە چاو زۆرینەیەکی کرێکاردا. سێهەم: ڕەگەزە تازەکان لە دوو کاتیگۆریدان: لەلایەک، هێزی دەرەئاسای ئایدۆلۆژیا و ڕەمزەکان و فەرهەنگی مارکسی و ئایدیای شۆڕش هەیە. لەلایەکی دیکەش، قبوڵکردنی توندوتیژی هەیە. ڕاستە توندوتیژییەکە بۆ بەرگرییە و دژ بە توندوتیژییە، بەڵام سەرئەنجام هەر توندوتیژییە. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە تام و چەشێکی تایبەت بە ڕاپەڕینەکە دەدات. هەموو ئەمانە یەکەم ئایاری ٦٨ پێکدێنن.

دووەم ئایاری ٦٨ تەواو جیاوازە، گەورەترین مانگرتنی گشتییە لە تەواوی مێژووی فەرەنسا. ئێمە لێرەدا لەبەردەم ستراکتۆرێکی زۆر گرنگداین. مانگرتنەکە لە زۆر لایەنەوە مانگرتنێکی کلاسیک و باو بوو، لە کارگە گەورەکاندا زۆرتر لەلایەن سەندیکاکانەوە ڕێکدەخرا، بەتایبەت کونسوڵگەریی گشتیی کار. مانگرتنەکە بە هەمان ئاقاری مانگرتنە هاوجۆرەکانی دیکەی وەک مانگرتنی بەرەی میللیدا دەچوو. دەتوانین بڵێین ئەم مانگرتنە لە ڕووی مێژووییەوە، بەهۆی ئەوەی پێگەیەکی ناوەندیی هەبوو، کۆنتێکستێکی تایبەتی وەرگرت و جیاوازبوو لە شۆڕشی لاوان. سەر بە کۆنتێکستێک بوو کە من بۆخۆم ناوی دەنێم کۆنتێکستی چەپ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مانگرتنە لە ناواخندا سێ ڕەگەزی رادیکاڵی نوێخواز و داهێنەری لەخۆگرتووە.

یەکەم: مانگرتنەکە لە دەرەوەی دامەزراوە کرێکارییە فەرمییەکانەوە بڕیاری لەسەر درا. چونکە زۆربەی کات، دەستپێکی جوڵانەوەکان لەلایەن کۆمەڵێک کرێکاری لاوەوە ئاراستە دەکرا کە لە دەرەوەی ڕێکخستنی سەندیکاکانەوە بوون، دواتر سەندیکاکان بەشدارییانکرد، ئەویش تەنها بۆئەوەی بتوانن چاودێری دۆخەکە بکەن. کەواتە لە ئایاری ٦٨ـی کرێکارییدا، ڕەگەزێکی شۆڕشگێڕیی هەیە کە لە هەناوی لاواندایە. ئەم کرێکارە لاوانە ئەو شتەیان پیادەکرد کە زۆربەی کات پێی دەوترا "مانگرتنی کێوی"، هەر ئەمەشبوو لەو ڕۆژگارە باوەی جیاکردەوە کە سەندیکاکان تێیدا باڵادەستبوون. ئەشێ بڵێین ئەم مانگرتنە کێویانە لە ١٩٦٧ـەوە دەستیانپێکرد، بۆیە ئایاری ٦٨ تەنها دەرئەنجامی ئایاری ٦٨ـی خوێندکاران نییە، بگرە زادەی جوڵانەوەیەکی لەمێژترە. ئەم پەیوەندییە زەمەنی و مێژووییەی نێوان بزوتنەوەی لاوانی خوێندەوار و بزوتنەوەی کرێکاری، پەیوەندییەکی زۆر تایبەتە. ڕەگەزی ڕادیکاڵی دووەم بریتییە لە داگیرکردنی کارگەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیک. دیارە ئەمەش میراتیی مانگرتنە گەورەکانی ساڵانی ١٩٣٦ و ١٩٤٧ـە و لە ئەزموونی ئەو ساڵانەوە وەرگیراوە، بەڵام لە ٦٨ـدا شتەکە فراوانتر و گشتگیرتر کرا، زۆربەی کارگەکان داگیرکران و بە ئاڵای سوور داپۆشران. دیمەنێکی نایابە ببینین وڵاتێک، سەرجەم کارگەکانی بە ئاڵای سوور تەنراوە. هەرکەس ئەم دیمەنەی بینیبێت هەرگیز لەیادی ناچێتەوە. ڕەگەزی سێهەم ڕەگەزێکی "سەختە": لەو سەردەمە و ساڵانی دواتردا، بەشێوەیەکی سیستەماتیک سەردەستەکان دەرفێنران و پێکدادانی توند لەگەڵ هێزەکانی پاراستنی ڕژێمدا ڕووی دەدا. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت ئەو خاڵەی کە باسمکرد، مەبەستم لە پەسەندکردن و بەکارهێنانی توندوتیژییە، نەک تەنها لە هەناوی بزوتنەوەی خوێندکاریدا بوونی هەیە بگرە بزوتنەوەی کرێکاری ئەو سەردەمەش پەنای بۆ دەبەن. بۆئەوەی لەم خاڵەی تایبەتە بە دووەم ئایاری ٦٨ تەواوببین، دەبێت بە ڕەچاوکردنی ڕەگەزەکان، چاومان لە مەسەلەی ماوەی خایاندنی بزوتنەوەکە و ئیدارەدانی بزوتنەوەکەش بێت. لەنێوان ئەو شێوازەی کە کونسوڵگەریی گشتی کار CGT دەیویست لەو شتەدا جێبەجێی بکات کە خاڤێر ڤیگنا ناوی دەنێت "یاخیبوونی چینی کرێکار"[7]، لەگەڵ ئەو

[7] See Xavier Vigna, L'insubordination ouvriere dans les annees 68. Essai d'histoire politique des usines, Presses Universitaires de Rennes, 2007. Translator's note.

شتەی لە واقیعدا جێبەجێکرا، لەنێو بزوتنەوەی مانگرتنەکەدا ململانێی توند ڕوویدا، کە دیارترینیان ڕازینەبوونی کرێکارانی ڕێنۆڵت-بلانکۆرت بوو بە پرۆتۆکۆڵی دانوستانەکەی گرونێل. یاخیبوونێک سەریهەڵدا لەدژی ئەو هەوڵانەی لەئارادابوون بۆ کپکردنەوەی مانگرتنە گشتییەکان بە دانوستانی کلاسیکی.

سێهەم ئایاری ٦٨ـیش سروشتێکی جیاوازی هەیە، من بۆخۆم ناوی دەنێم ئایاری ئازادیخوازی. ئەم ئایارەیان تایبەتە بە گۆڕانی دابونەریتەکان و پەیوەندییە سێکسییە نوێکان و ئازادیی تاکەکەسی، کە دواتر دەگاتە بزوتنەوەی ژنان و بزوتنەوەی مافی ئازادیی هاوڕەگەزبازان. ئەم ئایارە دەست بۆ کولتوریش دەبات، بیرۆکەی نوێی پێیە بۆ شانۆ، فۆرمی نوێی پێیە بۆ گوزارشتی سیاسی، ستایلی نوێی پێیە بۆ کاری هەرەوەزی، هەڵگری بەختەوەری و داهێنان و états généraux du cinéma کۆمەڵەی گشتیی سینەمایە... هەموو ئەمانە پێکهاتەیەکی تایبەتی ئایاری ٦٨ پێکدێنن کە دەتوانین ناوی بنێین پێکهاتەی ئایدۆلۆژیی، ئەگەرچی هەندێجار ڕێگای بۆ ئەنارکیزم خۆشدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکبوو لە مۆدی گشتی ڕووداو. هێندە بەسە تەماشای بەهێزیی گرافیکی پۆستەرەکانی ئایار بکەین، کە ئەوکات ستۆدیۆکانی قوتابخانەی هونەرە جوانەکان دیزاینی کردن.

دەبێت لەبیرمان بێت، ئەم سێ پێکهاتەیە سێ پێکهاتەی جیاواز و لێکجودان، سەرەڕای هەبوونی چەندین تێهەڵکێشی گرنگ لەنێوانیاندا. ئەگەر هەیە ململانێ لەنێوان ئەم پێکهاتانەدا ڕوودبات، وەک ئەو بەرکەوتنە ڕاستەقینانەی لەنێوان بزوتنەوەی چەپ و چەپی کلاسیکدا ڕوویدا، یان وەک ئەو بەرکەوتنانەی لەنێوان بزوتنەوەی چەپی سیاسی (کە ڕەوتی ترۆتسکیزم و ڕەوتی ماویزم نوێنەرایەتییان لێدەکرد) و نێوان چەپی کولتوریی ئەنارکیدا ڕوویاندا. هەموو ئەمانە وێنەی شەست و هەشتێکمان نیشاندەدەن کە قوڵپدانێکی لێکدژە و بەتێکڕا فیستیڤاڵێکی یەکگرتوو پێکدێنن. ژیانی سیاسی ٦٨ ژیانێکی چڕوپڕە و لەشێوەی کۆمەڵێک لێکدژ خۆی نیشاندەدات.

ئەم سێ پێکهاتەیە نواندنەوەی سێ شوێنی ڕەمزیی گەورە بوون: خوێندکاران نواندنەوەی سۆربۆنی داگیرکراو بوون، کرێکاران نواندنەوەی کارگە گەورەکانی پیشەسازی ئۆتۆمبێل

بوون (کە بلانکۆرت چەق و سەنتەریان بوو)، ئایاری ٦٨ـی ئازادیخوازیش نواندنەوەی شانۆی ئۆدیۆنی داگیرکراوبوو.

سێ پێکهاتە، سێ شوێن، سێ جۆر ڕەمز و گوتار، بۆیە لەپاش چل ساڵ، سێ لێکدانەوەی جیامان بەدەستەوەیە. ئەمڕۆ کاتێک باسی ئایاری ٦٨ دەکەین، باسی چی دەکەین؟ باسی کۆی ڕووداوێک دەکەین یان باسی پێکهاتەیەکی جیاواز لە پێکهاتەکانی دیکە دەکەین؟

دەمەوێت بەرگری لەو تێگەیشتنە بکەم کە پێیوایە هیچ یەک لەم سێ پێکهاتەیە لە پێکهاتەکانی دیکە باشتر نییە، چونکە چوارەم ئایاری ٦٨ زۆر بنچینەییە و تائێستاش ئایندە ئاراستە دەکات. ئەم ئایاری ٦٨ـە کەمترین خوێندنەوەی بۆکراوە، چونکە تێپەڕبوونی کات دروستبووە زادەی ئەو ئانوساتە نییە. ئەم ئایارە لەپاش مانگی جوانی ئایار لەدایکبوو، ساڵانێکی سیاسی توندیشی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم ئایارە -کە بە ئاستەم کۆنترۆڵ دەکرێت گەر بە تەنیا پشت بە هەلومەرجی ڕەسەنی لەدایکبوونی ببەستین- لە ماوەی ساڵانی نێوان ١٩٦٨ تا ١٩٧٨ باڵادەستبوو، بەرلەوەی سەرکەوتنی یەکگرتنی چەپەکان و "ساڵە خەمهاوەرەکانی میتەران" هەڵیمژن و سەرکوتی بکەن. بۆیە باشترە دەربارەی "دەیەی ٦٨" بدوێین نەک "ئایاری ٦٨".

لە پێواژۆی چوارەم ئایاری ٦٨ـدا دوو دیمەن بەدیدەکرێت. یەکەم: باوەڕبوون بەوەی لە شەستەکان بەدواوە کۆتایی بە تێڕوانینە کۆنەکەی سیاسەت هاتووە. دووەم: گەڕانێکی تا ڕادەیەک کوێرانە، لە دەیەی ١٩٧٠-١٩٨٠ـدا، بەدوای تێڕوانینێکی جیاوازدا بۆ سیاسەت. جیاوازیی ئەم ڕەگەزەی چوارەم لەگەڵ سێ ڕەگەزەکەی دیکەدا ئەوەیە ڕەگەزی چوارەم بەدوای ئەم پرسیارەدا ماخولانیەتی: "سیاسەت چییە؟" وەک پرسیارێکی تیۆری و زۆر قورس کە هاوکات بەرهەمی کۆمەڵێک ئەزموونی ڕاستەوخۆ بوو کە خەڵکی بە پەرۆشەوە دەرگیری دەبوون.

ئەو تێڕوانینە کۆنەی کە دەمانەوێت لێی دووربکەوینەوە، پشتی بەو ئایدیا بەستووە کە لە لای سەرجەم خەباتگێڕەکان ئایدیایەکی زاڵە و کەمپی شۆڕشگێڕی پشتی پێدەبەستێت، کە پێیوایە بکەرێکی مێژوویی دیاریکراو توانای ئەوەی هەیە رزگاری بەدیبێنێت. ئەم بکەرە مێژووییە بە چینی کرێکار ناسراوە، یان پرۆلیتاریا، هەندێجاریش پێی دەڵێن گەل،

ڕەنگە لەبارەی پێکهاتە و قەبارەیەوە مشتومڕ بکەین، بەڵام دواجار کۆکین لەسەر بوونی. ئەم بڕوا هاوبەشەی کە پێیوایە بکەرێکی "ئۆبێکتیڤ"ـی ناو واقیعی کۆمەڵایەتی لەتوانایدایە رزگاری بەدیبێنێت، گەورەترین جیاوازی نێوان ئەمڕۆ و دوێنێیە. لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێشدا ساڵە کارەساتباوەکانی هەشتاکان کشاوە. لەو ماوەیەدا، بانگەشەی ئەوە دەکرا سیاسەتی رزگاریخوازی ئایدیایەکی ڕووت و ویست و فەرمانێک نییە، بەڵکو شتێکی بەرنامە بۆداڕێژراوی نێو واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە. یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم بڕوابوونە لەو بیرۆکەدایە کە دەڵێ دەبێت ئەم بکەرە ئۆبێکتیڤە بکەینە هێزێکی سوبێکتیڤ و ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە بکەینە ئەکتەرێکی سوبێکتیڤ. بۆ ئەمە دەبێت لەلایەن ڕێکخستنێکی تایبەتەوە نوێنەرایەتی بکرێت، ئەمەش ڕێک ئەو شتەیە کە پێی دەڵێین حیزب، حیزبی چینی کرێکار، یان حیزبی گەل. ئەم حیزبە دەبێت لە هەموو ئەو شوێنانەدا ئامادە بێت کە دەسەڵات تێیاندا ئامادەیە. دیارە مشتومڕی زۆر گەورەش دەربارەی چییەتی حیزب لە ئارادایە، دەربارەی ئەوەی ئایا خۆی لە خۆیدا هەیە، یان دەبێت دروست بکرێت، یاخود دووبارە دروستبکرێتەوە، یان دەبێ چ شێوە و فۆرمێک وەربگرێت...؟ بەڵام ڕێکەوتنێکی قووڵ هەیە دەربارەی بوونی بکەرێکی مێژوویی و دەربارەی زەرورەتی ڕێکخستنی. دیارە ئەم ڕێکخستنە سیاسیەش دەبێت پاڵپشتی کۆمەڵایەتی هەبێت کە بریتییە لەو ڕێکخراوە جەماوەرییانەی کە لە واقیعی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆدا ڕەگ دادەکوتن. ئێمە لێرەدا لەبەردەم مەسەلەی پێگەی کاری سەندیکاییدایین، پەیوەندی لەگەڵ حیزبدا چۆنە و ڕۆڵی کاری سەندیکایی چییە لە ململانێی چینایەتیدا.

ئەمە بەرەو ئەو ئایدیایمان دەبات کە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە: کردەوەی سیاسی رزگاریخواز دوو دیوی هەیە. یەکەمیان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە کە داواکاری تایبەتیان هەیە و لە ڕێگەی سەندیکاکانەوە کار دەکەن، دووەمیان پێکهاتەی حیزبە کە شەڕ لەسەر ئەوە دەکات دەستی بە پێگەکانی دەسەڵات ڕابگات، تاکوو هێز و ناوەڕۆکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بگەیەنێتە ئەو پێگانە.

ئەمە ئەو تێڕوانینەیە کە دەتوانین ناوی بنێین کلاسیکی. ئەم تێڕوانینە لە ساڵی **١٩٦٨ـدا** لەناو زۆربەی بکەرەکاندا ئامادەیی هەبوو، بە تایبەت لەنێو زمانیاندا. بکەرەکانی نێو

دامەزراوە باڵادەستەکان یان ناڕازییەکان، کۆمۆنیستە ئارتەدۆکسەکان یان چەپەکان، ماویستەکان یان ترۆتسکیستەکان، لە زماندا جیاوازییان نەبوو، سەرلەبەریان زاراوەگەلی وەک چینایەتی و ململانێی چینایەتی و ڕێکخستنی جەماوەری و ڕێکخستنی حیزبییان بەکاردەهێنا. بێگومان ناکۆکی توند لەسەر شەرعیەتیان و دەلالەتی بزوتنەوەکانیان لە ئارادابوو. بەڵام زمانەکە هەر هەمان زمان بوو، ڕەمزی هاوبەشیشیان هەر ئاڵا سوورەکە بوو. ٦٨ سەرباری هەمموو ناکۆکیەکانی، بەهۆی ئەو ئاڵا سوورەوە بە یەکگرتوویی مایەوە. چونکە لە ئایاری ٦٨ـدا ئاڵا سوورەکە سەرتاسەری وڵاتی داپۆشی، بەسەر گشت کارگە و گەڕەکەکانەوە هەڵکرا. ئێستا بەحاڵ دەتوانین هەڵیکەین، لەکاتێکدا لە کۆتایی ئایاری ٦٨ـدا لە پەنجەرەی شوقەی بۆرژوازەکانیشەوە هەڵکرابوو.

بەڵام ئەو ڕاستییەی کە خەریکە ڕووندەبێتەوە ئەوەیە، ئەم زمانە هاوبەشە کە ئاڵا سوورەکە سیمبولیەتی، خەریکە دەمرێت. ئایاری ٦٨ ناڕوونییەکی سەرەکی لەخۆیدا هەڵگرتووە: زمانێک کە جاران هەموان هاوبەشیان دەکرد، ئێستا بەرەو کۆتایی دەڕوات. ئاستەمە جیاوازی بکەیت لەنێوان ئەوەی دەستپێدەکات و نێوان ئەوەی کۆتایی دێت، ئەمەش وا لە ئایاری ٦٨ دەکات تینێکی سیحریی هەبێت.

ئێستا ئایاری ٦٨ بەرەو مەرگی ڕاستەقینەی دەڕوات، چونکە ئایاری ٦٨ بە تایبەت ساڵانی دواتری، چاوخشاندنەوەیەکی گشتگیرە بە شەرعیەتی ڕێکخستنە مێژووییەکانی چەپ و سەندیکاکان و حیزبەکان و سەرکردە ناسراوەکاندا. تەنانەت لەناو کارگەکانیشدا ناڕەزایەتی هەبوو بەرامبەر بە دیسپلین و فۆرم و شێوازی مانگرتن و هیرارکیەتی کار و دەسەڵاتی سەندیاکاکان بەسەر بزوتنەوەکاندا. چینی کرێکار یان گەل دەستپێشخەریی تازەیان دەکرد و شێوازی کارکردنی پێشوویان دەگۆڕی و فۆرمی نوێیان بەکاردەهێنا. بەکۆ هەموان ڕەخنەیان لە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی هەبوو، دیموکراسیەت لە چوارچێوەی هەڵبژاردن و پەرلەماندا، لە مانا دەوڵەتی و دامەزراوەیی و دەستوریەکەیدا. هەرگیز نابێت ئەوە لەیادکەین کە یەکەم دروشمی ئایاری ٦٨ بریتیبوو لەم دروشمە: ['Elections are a con'] "هەڵبژاردن تەڵەیە". دیارە ئەمەش تەنها هەڵچوونێکی ئایدۆلۆژی نەبوو، بیانووی بەجێ هەبوو بۆ ئەم ڕقەی دژ بە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی بوو. چونکە پاش مانگێک

له مۆبیلزەکردنی خوێندکاران و کرێکاران، حکومەت توانی هەڵبژاردنێک ڕێکخات، لە ئاکامیشدا کۆنەخوازترین پەرلەمانی مێژووی لێکەوتەوە. ئەوکات بۆ هەموان ڕوونبووەوە کە ڕێوشوێنی هەڵبژاردن نەک تەنها ڕێوشوێنێکی نواندنەوەیە بگرە ڕێوشوێنێکیشە بۆ داپڵۆساندنی بزوتنەوەکان، بۆ داپڵۆساندنی هەر شتێکی نوێ، بۆ داپڵۆساندنی هەر شتێک کە سەر بە خۆی نییە.

وەک شۆڕشگێڕە چینیەکان دەڵێن: لە میانی ئەم "ڕەخنە گەورەوە"، کە ڕەخنەیەکی نێگەتیڤە، لە ئاسۆدا دیدگایەکی نوێ دروست دەبێت، دیدگایەک کە هەوڵەدات خۆی لە تێڕوانینە کلاسیکیەکە دەرباز بکات. من ئەم هەوڵە ناودەنێم چوارەم ئایاری ٦٨. ئەم ئایارە بە شوێن ئەو شتانەدا دەگەڕێت کە لەپاش خواستی شۆڕشگێڕیی کلاسیکی دەمێننەوە. بەڵام کوێرانە دەگەڕێت، چونکە هەمان زمانی باڵادەستی ئەو ئایارە بەکاردێنێت کە دەیەوێت خۆی لێ دابڕێت. لێرەوە بابەتی "خیانەت" و "خۆنەویستی" سەرهەڵدەدات: ڕێکخستنە تەقلیدیەکان ڕەنگە خیانەتیان لە زمانی تایبەتی خۆیان کردبێت، یان گەر دیسان زمانی قەشنگی چینی بەکاربێنینەوە، ڕەنگە "ئاڵای سووریان لەدژی ئاڵای سوور بەکارهێنابێت". ئێمەی ماویست، بۆیە حیزبی کۆمۆنیستی و ڕێکخستنەکانی سێبەریمان بە "لادەر" ناودەبرد، چونکە لەمەڕیان، هەمان بۆچوونی لینینمان هەبوو کە لەمەڕ سۆسیال دیموکراتەکانی وەک برنشتاین و کاوتسکی هەیبوو، پێمانوابوو ئەم چەشنە ڕێکخستنانە زمانی مارکسی ئاوەژۆ دەکەنەوە کە بە ڕواڵەت بەکاریاندەهێنا. هێشتا درکمان بەوە نەکردبوو کە دەبێت ئاوەژۆ بکرێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئەرێنی. قورسایی ئەم گەڕانە کوێرانەمان خستبووە سەر بەستەری نێوان ئایارە جۆراوجۆرەکانی ٦٨. چوارەم ئایار هێڵێکی تیرەییە و هەر سێ جۆرەکەی دیکە پێکەوە دەبەستێت. هەموو دڵخۆشییەکمان ئەو دەستپێشخەریە تازانە بوو کە بوونەهۆی دەستاودەستکردنی نێوان سێ بزوتنەوە جیاوازەکە، بە تایبەت لەنێوان بزوتنەوەی خوێندکاران و بزوتنەوەی کرێکاران.

لەم خاڵەدا، دەبێت زمانێکی ڕەنگینتر بەکاربێنین.

کاتێک ڕووداوەکانی ئایاری ٦٨ ڕوویاندا، لە ڕێمس مامۆستای یاریدەدەر بووم. زانکۆکەمان مانی گرتبوو (کە لە ڕاستیدا سەنتەرێکی بچوکی زانکۆکە بوو کە تایبەت بوو بە خوێندکارە

تازەکان و یەکەم قۆناغی خوێندنی زانکۆ). ڕۆژێکیان ڕێپێوانێکمان ڕێکخست بەرەو سەرەکیترین کارگەی مانگرتووی شار کە بریتیبوو لە کارگەی شۆسۆن. لەبەر هەتاوی ئەو ڕۆژەدا و بە ئاپۆرەیەکی درێژ و ڕێکخراو بەرەو کارگەکە بەڕێکەوتین. دەمانویست لەوێ چی بکەین؟ نەماندەزانی، تەنها دەمانزانی کە دەبێت هەردوو شۆڕشە کرێکاری و خوێندکاریەکە یەکگرن، بەبێ نێوەندگیری ڕێکخستنە کلاسیکیەکان. بەوپەڕی ڕاڕایی و تووڕەییەوە گەشتینە کارگەکە، کە بە ئاڵای سوور تەنرابوو، لە بەردەم بەربەست و دەرگا داخراوەکانیشدا پۆلێک سەندیکاخواز وەستابوو. هەندێک لە کرێکارە گەنجەکان لێمان نزیکبوونەوە و پۆل پۆل هاتن بە دەممانەوە. گفتوگۆی نا فەرمی دەستیپێکرد و جۆرێک لە یەکڕیزی لۆکاڵی لەنێوماندا دروستبوو. کاتێکمان دیاریکرد بۆ ڕێکخستنی گردبوونەوەی هاوبەش لەنێو شاردا. ئەم گردبوونەوانەش ڕێکخران و بوونە ماتریکسی دامەزراندنی "ئابوونەی سۆڵیدارێتی کارگەی شۆسۆن"، کە ئەمەش شتێکی تەواو جیاوازبوو و لینکێکی پتەوی لەگەڵ ڕێکخستنی ماوی UCFmlـدا بەست، کە لە ساڵی **١٩٦٩** لەلایەن ناتاشا میشێل و سیلڤان لازاروس و من ژمارەیەک گەنجی دیکەوە دامەزرا.

ئەوەی لەوێ ڕوویدا، لەبەردەم دەرگای کارگەی شۆسۆن، شتێکی باوەڕپێنەکراو بوو، هەفتەیەک پێشتر کەس تەسەوری ئەوەی نەدەکرد. ڕێکخستنی حیزبی و سەندیکایی بە گشتی دەیخواست کرێکار و گەنج و ڕۆشنبیرەکان لە چوارچێوەی ڕێکخستنەکانی خۆیدا کۆت و بەند بکات. سەرکردایەتییە خۆجێی و نیشتمانیەکان تاکە نێوەندگیرێک بوون. ئەم خواستەی ڕێکخستنەکانی پێشوو هەیانبوو لەلای ئێمە توایەوە و لەناوچوو. ئەمەش شتێکی تازەبوو، هەر خۆمان بووبووینە بکەری ڕاستەوخۆ و بینەری تاساوی ڕووداوەکان. ئەمە ڕێک ڕووداو بوو بە مانا فەلسەفیەکەی: شتێک ڕوویدەدا بێئەوەی وابەستەی ئاکامەکانی بێت. کامانەن ئاکامەکانی ئەم ڕووداوە لە ماوەی "ساڵە سوورەکان"ــی نێوان **١٩٦٨** بۆ **١٩٧٨**؟ ئاکامەکان هەوڵی هەزاران قوتابی و خوێندکار و کرێکار و ئافرەتی گەڕەکە پەراوێزخراوەکان و پرۆلیتارەکانی ئەفریقا بوو، بۆ دۆزینەوەی سیاسەتێکی نوێ. پراکتیکێکی سیاسی کە بەوە ڕازی نەبێت هەر کەسەو لەپێگەی خۆی بێت، دەبێت چۆن بێت؟ پراکتیکێکی سیاسی کە ڕازییە بە هەنگاوی لابەلا و دیداری ئاستەم و گفتوگۆی نێوان کەسانێک کە لە دۆخی ئاساییدا قسە ئاراستەی یەکدی ناکەن؟ ئەوکات، بێئەوەی

له بەردەم کارگەکەدا لەوە تێبگەین، گەشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەگەر سیاسەتێکی رزگاریخوازی نوێ ئیمکانی دروستبوونی هەبێت، ئەوا دەتوانێت پۆلێنە کۆمەڵایەتیەکان بهەژێنێت و چیتر هەرکەس لە پێگەی خۆی ناهێڵێتەوە و وەرچەرخانێکی ماتریاڵی و مێنتاڵی گەورە دروست دەکات.

ئەوەی بۆم باسکردن چیرۆکی وەرچەرخانێکی کوێرانە بوو. ئەوەی ئێمەی دەبزواند باوەڕبوون بوو بە خۆدابڕین لە شوێن. بە مانا گشتیەکەی، وشەی جوانی "کۆمۆنیزم" بەم مانایە دێت: کۆمەڵگایەکی یەکسان کە لەڕێگەی خۆبزواندنیەوە دیوار و بەربەستەکان تێکدەشکێنێت، کۆمەڵگای فرەیی و ئاراستە جوڵاوەکانی ژیانمان. بەڵام "کۆمۆنیزم" بەم مانایەش دێت: فۆرمگەلێکی ڕێکخستنی سیاسی کە مۆدێلێکی هیرارکی نییە. چوارەم ئایاری ٦٨ ئەمە بوو: کۆمەڵێک ئەزموون بوو دەریخست هەڵچوونی ئاستەمی پێگەی کۆمەڵایەتی لە ڕووی سیاسییەوە مومکینە، ئەمەش لە ڕێگەی شێوازێکی نوێ ئاخاوتن و دۆزینەوەی فۆرمی ڕێکخستنی گونجاو لەگەڵ تازەیی ڕووداودا.

دە ساڵ دواتر، پێواژۆی یەکگرتنی چەپەکان و هەڵبژاردنی میتەران هەموو ئەمانە دەچەپێنێت، تەنها ڕێگایەک دەهێڵێتەوە کە گەڕانەوەیە بۆ مۆدێلە کلاسیکەکان. گەڕاینەوە بۆ دۆخی "هەرکەسەو لە پێگەی خۆی" کە تایبەتمەندی ئەم مۆدێلەیە: چەپەکان فەرمانڕەوایی دەکەن، سەندیکاکانیش نارەزایەتی دەردەبڕن، ڕۆشنبیرەکانیش تیۆری ڕووت پێشکەش دەکەن، کرێکارەکانیش دیسان دەخزێنرێنەوە نێو کارگەکان، هەتادوایی. وەک هەر چەشنە گەڕانەوەیەکی دیکە بۆ نەزم، سەرکێشی "چەپ" کە بە مردوویی لەدایکبوو، لەماوەی ساڵانی نێوان ۱۹۸۰ و ۱۹۸۳ـدا کاری لەسەر بڵاوکردنەوەی وەهمێک کرد کە زۆری نە خایاند. چەپ بەختێکی نوێی ژیانی سیاسی نەبوو، خێوێکی گەڕاوەی بۆگەن بوو. لەنێوان ۱۹۸۲ تا ۱۹۸۳، بەر ئەو شتە کەوتین کە پێی دەوترا "زەبر"، کاتێک کرێکارە مانگرتووەکانی کۆمپانیای تالبۆت بە تیرۆریستی شیعە ناوزەدکران، کاتێک چەندین گرتووخانەی نوێ کرانەوە، چەندین بڕیار لەدژی کۆچی خێزانی دەرکرا، پرۆسەی بێرگۆڤوا کەوتە کار کە پرۆسەیەکی دارایی بێوێنە بوو بۆ بەلیبراڵیکردنی کاروباری دارایی وڵات،

هەر ئەمەش بوو فەرەنسای کردە بەشێک لە سەرمایەداریی جیهانیی وەحشیگەر (بۆ زانینی قەیرانی سیستەماتیکی ئەم وەحشیگەرییە، تەماشای خوارەوە بکە).

دەتوانین بڵێین، ئێمە هێشتا لە نێوجەرگەی ئەو پرسیارە قورسانەداین کە ئایاری ٦٨ وروژاندنی. لە ڕووی سیاسییەوە هێشتا هاوسەردەمی ئایاری ٦٨ـین، تەنانەت لە ڕووی پێناسەشەوە، لە ڕووی ئایندەیەشەوە، لە بەهێزترین ماناشدا، لە ڕووی وشەی "هاوسەردەم"ـیشەوە. بێگومان، دونیا گۆڕاوە، ئاراستەی کاتیگۆریەکانیش گۆڕاوە، ئەمڕۆ کاتیگۆری "خوێندکارە لاوەکان" و "کرێکاران" و "جوتیاران" بە مانای شتێکی دیکە دێن، ڕێکخستنە سەندیکایی و حیزبیەکانیش کە ئەوکات هەژموونیان هەبوو ئێستا لەناوچوون. بەڵام هێشتا بە دەست هەمان کێشەوە دەناڵێنین، گرفتاری کێشەیەکین کە ئایاری ٦٨ بە وردی دەستیخستەسەر، کە بریتییە لەوەی فیگەری باوی سیاسەتی ڕزگاریخوازی، بێهودە و بەتاڵە. ئێمەی خەباتگێڕی شەستەکان و حەفتاکان، پێویستمان بەوە نەبوو یەکێتیی سۆڤێت بڕوخێت تا لەمە تێبگەین. زۆر شتی نوێ لەڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە تاقیکرایەوە کە دیالەکتیکانە پەیوەندییان هەبوو. ئەم شتە هەتا ئێستاش بە هەوڵ و خەباتی دەستەیەک خەباتگێڕ و ڕۆشنبیر و کرێکار بەردەوامە. ئەوان پاسەوانی ئایندەن و خەریکی داهێنانەوەی ئایندەن. بەڵام ناتوانین بڵێین ئەم کیشەیەمان چارەسەر بووە: چ فۆرمێکی نوێی ڕێکخستنی سیاسییمان پێویستە، بۆ دەستەمۆکردنی سیاسەتە ئەنتاگۆنیزمەکان؟ وەک زانست دەڵێت: گەر کێشەیەک چارەسەر نەکرابێت، ناوبەناو تێزی زانستی نوێ بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکان سەردەردێنن، بەڵام کێشەکە هەر دەمێنێتەوە. هەر بەم زمانە دەتوانین هاوسەردەمبوونمان لەگەڵ ئایاری ٦٨ـدا پێناسە بکەین، کە ئەمەش لە خۆیدا وەفاداربوونە بۆ ئایاری ٦٨.

یەکەم شتی گرنگ لێرەدا پێداگرییە لەسەر ئەو گریمانە مێژووییەی جیهانێک کە لە یاسای قازانج و بەرژەوەندیی تایبەت ڕزگاریبووە. هەتا لەسەر ئاستی نواندنەوەی زهنییش پێمانوابێت ناتوانین سنوورێک بۆ ئەم شتانە دابنێین و دونیا خۆی هەر بەمجۆرەیە، هیچ سیاسەتێکی ڕزگاریخوازی ئیمکانی دروستبوونی نابێت. ئەو سیاسەتە ڕزگاریخوازەی من ناوی دەنێم گریمانەی کۆمۆنیستی. لە ڕاستیدا زۆرتر نێگەتیڤە، چونکە مسۆگەرتر و باشترە

گەر بڵێین جیهان بەو هەر شێوەیە کە هەیە، پێویست ناکات دووپاتی بکەینەوە کە جیهانێکی دیکە ئیمکانی دروستبوونی هەیە. مەسەلەکە پەیوەستە بە مۆدێلی لۆژیکێکەوە: لە ڕووی سیاسییەوە، چۆن لە ناپێویستەوە پێ بنێینە پێویستی و شیان؟ چونکە زۆر بەسادەیی گەر بە زەرورەتی ئابووریی سەرمایەداریی لیبراڵ و بە سیاسەتە پەرلەمانیەکەی ڕازی ببین، ناتوانین ئەو شیان و ئیمکانانە ببینین کە لەم دۆخەی ئێستاماندا بوونیان هەیە.

دووەم، دەبێت پارێزگاری لە وشە پێکهێنەرەکانی ئەو زمانە تایبەتەمان بکەین، کە لەئێستادا ناتوانین قسەی پێبکەین، وشەگەلێک کە لە ئایاری ٦٨ـدا هەموان قسەیان پێدەکرد. پێماندەڵێن: "دونیا گۆڕاوە و ناتوانن بەو زمانە قسە بکەن، ئێوە خۆشتان دەزانن ئەو زمانە زمانی وەهم و تیرۆر بوو". بەڵێ! دەتوانین بەو زمانە قسە بکەین! بگرە ئەرکە لەسەرمان بەو زمانە قسە بکەین! هەتا کێشەکان بەردەوام بن ناچارین بەو زمانە قسە بکەین. ئێمە خۆمان دەتوانین ڕەخنەی بکەین و مانایەکی تری پێ ببەخشین. دەبێت بەردەوام بین لە وتنی "گەل" و "کرێکار" و "نەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەت" و هتد، نابێت پێمانوابێت بوونی ئەو زمانە تەنها لە ڕابردوودایە، یان پێمانوابێت بوونی ئێمە لە ڕابردوودایە و لەئێستا و لە داهاتوودا ناتوانین بوونمان هەبێت. دەبێت خۆمان لە کامپ و مەیدانی خۆماندا ئەم زمانە بەکاربێنین. دەبێت سنوورێک بۆ تیرۆریزمی زمانەوانی دابنێین کە دەمانخاتە بەر هەڕەشەی دوژمنان. تەسلیمبوون لەنێو زماندا، ڕازیبوون بەو تیرۆرەی کە سوبێکتیڤانە ڕێگرە لە درکاندنی ئەو وشانەی ناکۆکن لەگەڵ هەستە زاڵەکاندا، فۆرمێکی ناهەمواری ستەمە.

سەرئەنجام، دەبێت بزانین هەموو سیاسەتێک ڕێکخستنە، قورسترین پرسیش هەر ئەمەیە: ئێمە پێویستمان بە چ جۆرە ڕێکخستنێکە. بە چاوخشاندنەوە بەو ئەزموونە فرە لایەنانەی لە ٦٨ـەوە دەستپێدەکەن، دەتوانین ئەم پرسە شیتەڵ بکەین. ئامرازە کلاسیکەکانی حیزب، کە پشتیان بە پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بەستووە، ململانێی هەڵبژاردنیش گرنگترین ململانێیەتی، دۆکترینێکە هەرچی لە هەگبەکەیدایە بەخشیوەتی. شەکەت بووە و

ناتوانێت بەردەوام بێت، سەرباری ئەو هەموو شتە مەزنەی لە ١٩٠٠ تا ١٩٦٠ پێشکەشی کردین.

وەفاداربوونمان بۆ ئایاری ٦٨ لەسەر دوو ئاست تاوتوێ دەکەین. لە ئاستی ئایدۆلۆژیا و مێژوودا، باشترە هەڵسەنگاندنێک بۆ سەدەی بیست و یەک بکەین، بەجۆرێک کە لە ڕێگەیەوە بتوانین -لەپاش شکستهێنانی دەوڵەتە سۆسیالیستەکان- لە چوارچێوەی هەلومەرجی ئەم سەدەدا گریمانەیەک بۆ رزگاربوون دارێژین. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێک ئەزموونی لۆکاڵی و ململانێی سیاسی هەن کە دەتوانن ببنە باگراوەندێک بۆ درووستبوونی فۆرمی نوێی ڕێکخستن.

ئەم ئاوێتەکردنەی نێوان کاری ئایدۆلۆژیی و مێژوویی ئاڵۆزە و پێدراوی تیۆری و پراکتیکی تایبەت بە فۆرمە نوێکانی ڕێکخستنی سیاسی دەتوانێت چوارچێوەی ئەم سەردەمەمان دیاریکات، سەردەمێک کە دەتوانم بەوپەڕی سینگفراوانییەوە ناوی بنێم سەردەمی دووبارە پێکهێنانەوەی گریمانەی کۆمۆنیستی. کەواتە گرنگترین فەزیلەت بۆ ئێمە کامەیە؟ ئێوە دەزانن شۆڕشگێڕانی ١٧٩٢/١٧٩٤ وشەی "فەزیلە"ـیان بەکاردەهێنا. سان گۆست پرسیارێکی گرنگ دەخاتەڕوو: **"ئەو کەسانە چییان دەوێت کە نە فەزیلەتیان دەوێت نە تۆقاندن؟"** هەر خۆی لە وەڵامدا دەڵێت: ئەوان **گەندەڵییان دەوێت**. ئەم جیهانەی ئێستا ڕێک ئەمەی لێمان دەوێت: قبوڵکردنی گەندەڵییەکی چەواشەکار، لە ژێر نیلەی کاڵا و پارەدا. بوێری، گرنگترین فەزیلەی سیاسییە کە دەتوانین ڕووبەڕووی هەموو ئەم شتانەی پێ ببینەوە. بوێری، نەک تەنها لەبەردەم پۆلیسدا -کە بێگومان ڕووبەڕووی دەبینەوە- بگرە بوێری بەرگریکردن لە ئایدیاکانمان و پراکتیککردنیان، بوێری بەرگریکردن لە پرنسیپەکانمان، لە وشەکانمان، بوێری درکاندنی ئەو شتانەی بیریان لێدەکەینەوە و ئارەزوویان دەکەین و جێبەجێیان دەکەین.

بە کورتی: پێویستمان بە بوێری هەیە تا بتوانین خاوەنی ئایدیایەک بین، ئایدیایەکی مەزن. دەبێت قەناعەت بە خۆمان بێنین کە هەڵگرتنی ئایدیایەکی مەزن، نە کارێکی گاڵتەجاڕانەیە نە تاوانیشە. دونیای سەرمایەداریی جیهانی و لەخۆبایی کە ئێستا لەنێویداین، بەرەو ساڵانی ١٨٤٠ دەمانباتەوە، دەمانباتەوە بۆ سەردەمی لەدایکبوونی

سەرمایەداری، سەردەمێک کە گیزوت واتەنی هەڵگری ئەم دروشمەیە: **"دەوڵەمەند بن"**، کە لە سادەترین وەرگێڕانیدا دەکاتە: **"بەبێ ئایدیا بژین"**. دەبێت بڵێین ناتوانین بەبێ ئایدیا بژین. دەبێت بڵێین: **"بوێربن و بەرگری لە ئایدیایەک بکەن، ئایدیایەک کە لە مانا ئەسڵیەکەیدا تەنیا ئایدیای کۆمۆنیزمە"**. بۆیە ئێمە هێشتا هاوسەردەمی ئایاری ٦٨ـین. ئایاری ٦٨ـیش پێی وتین ژیان بەبێ ئایدیا ژیانێکی بێمانایە و کەس ناتوانێت بەرگەی بگرێت. پاشان ماوەیەکی دورودرێژ و سامناکی بەدوادا هات. ئەمڕۆ زۆر کەس پێیوایە ژیانکردنی مرۆڤ لەپێناو خودی خۆیدا، لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیدا، ژیانێکی بێ ئەڵتەرناتیڤە و ڕاکردن لێی مەحاڵە. با بوێری ئەوەمان هەبێت خۆمان لەو کەسانە دابڕین. ئێمە وەک ئایاری ٦٨ بەگژی ئەم دروشمەدا دەچینەوە: **"بەبێ ئایدیا بژی"**. با وەک فەیلەسوفێک ئەو شتەتان بەگوێدا بدەمەوە کە لە ڕۆژگاری پلاتۆنەوە تائێستا دەوترێتەوە: دەبێت بە ئایدیایەکەوە بژین، باوەڕبوونمان بەمەش دەبێتە دەستپێکی ئەو شتەی شایانی ئەوەیە ناوبنرێت سیاسەتی حەقیقی.

## ڕەشنووسی سەرەتایەک

زۆر سوپاسی هاوڕێم دەیڤد فاگوو دەکەم، یەکەم لەبەرئەوەی ئەم تێکستەی منی دۆزییەوە، کە لە ساڵی ١٩٦٨ لە گۆڤاری بەلژیکی تێکستروس بڵاوبۆتەوە و بۆخۆم بەباشی لەیادم نەمابوو، دووەم لەبەرئەوەی ڕازیبوو دووبارە لێرە بڵاویبکەمەوە، چونکە هەموو مافی بڵاوکردنەوەیم دابوو بە یەکێک لە گۆڤارەکان.

کاتێکیش دووبارە ئەم تێکستەم خوێندەوە، کە ڕاستەوخۆ لە سەروبەندی "ساتە گەرمەکانی" ڕووداوەکاندا نووسیبووم کە گاردی سووری چین بە "گەردەلولی شۆڕش" ناوی برد، سێ شت سەرنجی ڕاکێشام. یەکەمیان، ئەم شیکارییە ئەگەرچی کۆمەڵێک کاتیگۆری تیا بەکارهاتووە کە لە ئێستادا تاڕادەیەک بەسەرچووە (وەک: جیاکارییە چینایەتییە

باوەکان، بەکارهێنانی وشەی "ئایدۆلۆژیا" بەشێوەیەکی گشتی، بەنموونەهێنانەوەی "زانستی" مارکسی لینینی...)، لەگەڵ ئەوەشدا شیکارییەکە هێشتا بەکەڵکی ئەوە دێت لەمڕۆدا بخوێنرێتەوە. چونکە بەوردی ئاراستەی بزوتنەوەکە و جۆری نوشستەکان دەخاتەڕوو، ئەو هۆکارە سەرەکیانەش نیشاندەدات کە وادەکەن پاڵپشتی لەو جوڵانەوە بکرێت، لەگەڵ ئەو هۆکارانەش کە خاڵە لاوازەکانی جوڵانەوەکەمان بۆ ڕووندەکەنەوە. دووەم خاڵ کە سەرنجی ڕاکێشام گەورەیی ئەو پاشەکشە سوبێکتیڤەیە کە کەوتۆتە نێوان کۆتایی ئەو ماوەی ئایاری ٦٨ دەرگای لەسەر کردەوە (لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا) و نێوان ڕۆژگاری ئەمڕۆمان. ئەم تێکستە بە تەنزەوە (لە هاوینی ١٩٦٨) دەپرسێت کێ هێندە ئازایە هێشتا هەر بڵێت ڕۆژئاوا پارێزەری ئازادییەکانە. کەچی بەداخەوە ئەمڕۆ، کە پایزی ٢٠٠٨ـە، زۆرێک لە خەڵک، زۆرێک لە رۆشنبیرەکان، بێ دوودڵی ئەم لێدوانە گەمژەیە دەدەن و پێیانوایە ڕۆژئاوا پارێزەری ئازادییەکانە. سێهەم خاڵی گرنگ بەلامەوە ئەوەیە، ئەو شتەی کە وەک کلیلی هەموو شتەکان دەردەکەوێت، بەجیدی تەماشای نەکراوەو لەبەرچاو نەگیراوە، کە بریتییە لە: کۆنبوون و بەسەرچوونی لینینیزمی توندڕەو کە پرسی حیزب دەکاتە سەنتەر، هەر بەهۆی بەسەنتەرکردنەی حیزبیشەوەیە پاشکۆیەتی سیاسی بەئاقاری دەوڵەتبووندا ڕۆشت. بێگومان مەسەلەی ڕێکخستن، کە بە تەنها ئەو دەتوانێت یەکگرتوویەکی سیاسی و پراکتیکی لەنێوان گروپە کۆمەڵایەتییە پەرتەوازەکاندا بەدیبێنێت، مەسەلەیەکی سەرەکی وانە و پەندەکانی ئایاری ٦٨ـە. "جوڵانەوە" بە تەنیا ناتوانێت هیچ یەک لەو پرسانە چارەسەر بکات کە لە مانا مێژووییەکەیدا هاوکارە بۆ هەڵکشان. بەڵام لەم تێکستەدا کە لەو ماوەدا نووسیوومە، دەستەواژەی "حیزبی مارکسی-لینینی" مانایەکی سیحری هەیە و وەک کلیلی هەموو شتەکان دێتە پێش چاو. لەلایەکی دیکەوە، ماوەیەک دوای ئەوە، بە هاوبەشی لەگەڵ هەندێک هاوڕێدا، کتێبێکمان لەژێر ناوی "لەپێناو حیزبێکی مارکسی-لینینی لەشێوەیەکی نوێدا"[8] نووسی. دەستەواژەی "لەشێوەیەکی نوێدا" جۆرێک بێزاری هەڵدەگرێت. لەڕاستیدا ئەوەی پێویستە دەستبەرداری ببین فۆرمی حیزب خۆیەتی: چونکە ماوەی ستالینی نیشانیداین کە حیزب ناتوانێت لەگەڵ کێشە تازەکاندا بگونجێت،

---

[8] Contribution au probleme de la construction d'un parti marxiste-leniniste de type nouveau, A. Badiou, H. lancovici. D. Menetrey, E. Terray; published in 1969 by F. Maspero. Translator's note.

ئەگەرچی ساڵی ١٩١٧ لە روسیا و ساڵی ١٩٤٩ لە چین سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا. لەهەمان کاتدا، شۆڕشی کولتوری، کە لە تێکستەکەدا بەشێوەیەکی کەم ئاماژەی بۆکراوە چونکە تێکستەکە زۆرتر لەسەر کێشەکانی بزوتنەوەی خوێندکاریی وەستاوە، سنوورە بنەڕەتیەکانی دەردەکەوێت. ئەگەرچی کرێکاران و گەنجە روناکبیرەکان دژ بە خودی حیزبیش دەوەستنەوە، بەڵام شکست دێنن لەوەی حیزب لەناو بەرن، کاتێکیش لە ماو دەپرسن بۆرژوازی لەکوێی وڵاتدایە، لەوەڵامدا دەڵێت: **"لە ڕاستیدا، بۆرژوازی لەناو خودی حیزبی کۆمۆنیستیدایە"**. بۆرژوازی لە حیزبی کۆمۆنیستیدا پەناگایەکی باشی بۆخۆی دۆزیبووەوە، لەم ڕێگەشەوە توانی هێزێکی نوێ بۆخۆی دامەزرێنێت، ڕێک هەمان ئەو هێزەی کە ئێستا لە وڵاتی چیندا دەیبینینەوە، کە لە کەڵەکەبوونی سەرمایەدا فۆرمی سەدەی نۆزدە پەیرەو دەکات. دەبێت ڕووداوی ئایاری ٦٨ لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێدراوەدا دووبارە بخوێنرێتەوە: "حیزبی چینەکان" فۆرمەلەیەکی شکۆدارە، لەگەڵ ئەوەشدا ماندووە و توانای نەماوە. بۆیە مەسەلەی فۆرمە نوێکانی دیسپلینی سیاسیی رزگاریخواز، لە کۆمۆنیزمی داهاتوودا مەسەلەیەکی سەرەکییە.

**"خەڵک، بە تەنها خەڵک، ئەو هێزە چالاکەن کە مێژووی جیهان دروست دەکەن،**

**لەکاتێکدا ئێمە زۆرینەمان هەرزە و نەفامین"**

**ماو تسی تۆنگ**

تەنانەت بەر لەوەی جوڵانەوەکانی ئێستاش دەستپێبکات، لێکدژێکی دێرین لە زانکۆی سەرمایەداریدا هەر هەبوو. فەرەنسا لە ساڵی ١٩٤٨ و روسیا لە ساڵانی ١٩٠٥-١٩١٧ و چین لە ساڵی ١٩١٩ و ئەمریکای لاتینی و ژاپۆن، زۆر لەپێش ئێمەوە جەماوەر و خوێندکارانیان قارەمانانە بە ڕووی دیکتاتۆریەتی بۆرژوازیدا ڕاپەڕین. لە مەکسیک هەر وەک شوێنەکانی

دی، باوکان دەیانزانی چۆن لەمەڕ داواکارییە توندئاژۆکانی کوڕەکانیان پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن، ئەمەش بەڵگەبوو لەسەر ناپتەوی بەربەستی نێوانیان: کە سوکایەتی و تفەنگ و خوێنی لێکەوتەوە.

لەلایەک، تێهەڵکێشبوونی گەشەسەندوی زانست لەگەڵ هێزەکانی بەرهەمهێناندا، هوشیاریی تیۆریی جەماوەر بەرزدەکاتەوە؛ لەهەمان کاتدا، مەسرەفکردن و چێژوەرگرتن لە کاڵا دابەشکراوەکان (وەک: کاڵا تەرفیهی و کولتوریەکان، ئوبێکتە ئاڵۆزەکان) دەمانخاتە بەر پێشبینی جۆرە تێگەیشتنێک لە شتە نەخوازراوەکان، گوێگرتن و خوێندنەوەی ئاگاداریەکان، بەئاگابوون لە پاڵنەرە پێشکەوتوەکان، هتد. بەرگری سیاسی-کۆمەڵایەتیی بۆرژوازی پشت بە ئایدۆلۆژیای کەلێنی نێوان چینەکانی ناوەڕاست دەبەستێت (ئیشکەر و کارمەند و سەرکار و خزمەتکارە سڤیلەکان) و پرۆلیتاریا. هەر یەکگرتنێکی پراکتیکی لەنێوان ئەم دوو گروپەدا دەبێتە مایەی دروستبوونی هەڕەشەیەکی کوشندە بۆ سەر خاوەنکارەکان و چینی دەسەڵات. لەئێستادا بەپاڵپشتی کولتور و ئەکادیمیا هوشیارییەک بەرامبەر بەم کەلێنە دروستبووە: جیاوازی نێوان کاری فیکری و کاری دەستی. کەواتە زەرورە "چینەکانی ناوەڕاست" بەشێوەیەکی بەرفراوان هوشیار بکرێنەوە: دابینکردنی خوێندنی ناوەندی و خوێندنی باڵاش بۆ چینەکانی ناوەڕاست نیشانەی دوورکەوتنەوە و ترسیانە لەوەی ببنە پرۆلیتار.

لەلایەکی دیکەوە، شتەکە پەیوەندی بە مسۆگەرکردنی هەژموونی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازییەوە هەیە، یان لانیکەم مسۆگەرکردنی حزوری ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی لە نێوجەرگەی جەماوەری ڕەشۆکدا: واتە ئایدۆلۆژیای وردە بۆرژوا و سۆسیال دیموکرات. بەشی هەرە زۆری ئەم هەژموونەش لەسەر جەهلێکی ڕێکخراو دەژی و پشتئەستورە بە نەفامی خەڵک. ئەم باڵادەستییە، کە دەزگا ئایینییەکان ماوەیەکی زۆر خەڵکیان پێ دەترسان، بەهۆی ئەو تاریکاندنەی لەنێو چینی جوتیاراندا دەیانچاند، ببووە هۆی مسۆگەربوونی مانەوەی کرۆکی ستراتیژیی بۆرژوازی لە فەرەنسا لەساڵی ١٧٩٤ـەوە: ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ بەرهەمهێنە گوندنشینەکاندا. ئێستاش لە شاردا، دەزگا سکۆلاریستەکانی پەروەردە و خوێندن ئەم ڕۆڵە دەبینن. کەواتە سیستەمی خوێندن و

فێرکردن ئەو دەزگایە کە بۆ هەمیشە ڕاسپێردراوە ئەم لێکدژییە تێپەڕێنێت: چۆن بتوانرێت ئاستی هوشیاری تیۆریی کۆمەڵە خەڵکێک بەرزبکرێتەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیادبووندان، بەبێ چاوخشاندنەوە بە چۆنیەتی باڵادەستبوونی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازیی فەرمانڕەوا لەسەر نەزانی و داپڵۆساندنی فیکری؟

بۆ ئەم پرسیارە وەڵامێکی دوو ئاراستە بەردەستە: ١- بەپێی توانا کۆمەڵێک خەڵکی دەستەبژێر دەستنیشانکراون، لەڕێگەی فۆرمێکی پەروەردە و فێرکردنەوە کە دەرگا لەسەر گەمەی حەتمیاتە خێزانییەکان واڵا دەکات، واتە ئەو حەتمیاتەی پەیوەستن بە بنەچەی چینایەتییەوە. هاوکات شتەکان لەسەر ئەو بنەمایە ڕێکخراون کە پێوەرەکانی بەربژێرکردن (ڕێساکانی "ئاخاوتنی شیاو"، توانای مامەڵەکردن لەگەڵ کلێشەکان، دابینکردنی پەروەردەیەکی زانستی ساختە دەربارەی "کێشەکان"، خێرایی لە جێبەجێکردن، ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لە لە کات و ساتی خۆیدا) بەشێوەیەکی پتەو بەسترابێتنەوە بە سروتە تایبەتەکانی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازییەوە، بەتایبەت بە موجامەلەی تایبەتییەوە. ٢- جیاکاری کراوە لەنێوان پەیڕەوی تیۆریی ڕووتدا (زانستەکان) و لەنێوان پەروەردەی ئایدۆلۆژیدا (خووڕەوشت)، وەک دوو شتی جیاواز لەیەک جیاکراونەتەوە، بەجۆرێک هەموو کەس دەبێت وەک "دیارییەک" یەکێک لە بژاردەکان هەڵبژێرێت کە سیستەم ئەرکی دۆزینەوەیانی لەئەستۆگرتووە. ئەم هەڵبژاردنە لە دوورمەودادا خودی زانستیش ملکەچی هیومانیزمی تەمومژاوی دەکات کە تێیدا فیکری "لیبراڵی" سست و لاواز دەبێت. هیچ کەس هێندەی خودی زاناکان لەئاست هێزە ڕەخنەییەکانی زانستدا کوێر نییە. هیچ کەس هێندەی "پسپۆڕەکان" و بکەرەکانی نێو پسپۆڕییەکان لەلایەن دەزگا پەروەردەییەکانەوە بۆ ملکەچی و کۆیلایەتی سیاسی ئامادە نەکراوە.

ئەم سیستەمە لە فەرەنسا لە نێوجەرگەی ئەرستوکراتیزمی قوتابخانە زانستییە گەورەکاندا بەرزڕاگیراوە، لەلای بەڕێوبەرە مشەخۆرەکانی بۆرژوازیی باڵا، کە زانست، لە شێوەیەکی نالەبار و لەقاڵبدراوی "سەعیکردندا"، گەمژەیی ئایدۆلۆژیی بە وردی ڕێکدەخات.

لەگەڵ ئەوەشدا وادیارە ئەم ڕێکارانە خۆپارێزییانە لەم ماوەی دواییدا هەڕەشەیان کەوتۆتە سەر. دیارە هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەوەیە سیستەم نەیتوانیوە ڕێگربێت لە دروستبوونی

دواناوەندی و زانکۆی جەماوەری: چونکە پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان ئەمەی سەپاندوە. بۆیە بەشێکی گرنگی وردە بۆرژوای پێشکەوتووخواز (کە بەهۆی پەراوێزخستنییەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەلایەوە گرنگە خۆی بە پرۆلیتاریاوە گرێبدات) توانی دەستی بە خوێندنی باڵا بگات و فشاری زیاتر لەسەر ئەکادیمیزم دروست بکات. کاراکتەری نالەباری ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی لە قۆناغی خاویدایە، بەڵام بەدڵنیاییەوە، ئیمپریالیزم و دروشمە بەتاڵەکانی (کێ وەک پانزەساڵ پێش ئێستا، هێشتا پێیوایە ڕۆژئاوا پارێزەری ئازادییەکانە؟)، تیرۆریزمە پووچ و نارەواکانی، لەلایەن رۆشنبیرە شۆڕشخوازەکانەوە پەردەی لەسەر هەڵماڵراوە. بێگومان سەرکەوتنی بەرەنگاریی گەلی ڤێتنام، ئەو پەندەی ماو تسی تۆنگی پشتڕاستکردەوە کە بیست ساڵ پێش ئێستا وتی: **ئیمپریالیزم، گەرچی خاوەنی بۆمبی ئەتۆمیشە، هیچ نییە جگە لە پڵنگێکی سەر کاغەز**.

گومان لەوەدا نییە ئیدارەدانی گەورەترین ڕێکخستنی تایبەت بە چینی پرۆلیتار، مەبەستم لە حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسییە، کەوتۆتە داوای ڕێڤیزیۆنیزم[9] و گەمژەیی پەرلەمانییەوە: بۆیە نەیتوانیوە ئیدارەی ململانێی ئایدۆلۆژیی نێو زانکۆ بدات. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، شۆڕشی کولتوری کە شۆڕشێکی پرۆلیتاریی مەزن بوو، نیشانداین کە شۆڕش هێز و توانایەکی نائاسایی هەیە بۆ ڕەخنەکردنی رادیکاڵانەی ئایدۆلۆژیا، زەبر و تینی مارکسیانەی ململانێی چینایەتی بەبیرهێنایەنەوە، پێگەیەکی باڵای بەخشییە شۆڕشی خوێندکارانیش، ماسکی لادا لەسەر ئەو تاقمە ڕێڤیزیۆنیستە سۆڤێتیەی ملکەچی ڕەوڕەوەی تەکنۆ-هیومانیست و ئایدۆلۆژیای وردە بۆرژوازی بووبوون کە "ڕێگای ئاشتیانە"ـیان بەرەو سۆسیالیزم دەگرتەبەر، بیرۆکەی زەرورەتی هەڵوەشاندنەوەی جیاوازیی نێوان کاری فیکری/کاری دەستی و شار/لادێی لەلامان زیندوکردەوە، متمانەی بە توانای داهێنەرانەی جەماوەر بەخشییەوە.

---

[9] ڕێڤیزیۆنیزم revisionism یان نۆژەنخوازی یاخود هەموارخوازی: لەنێو بزاوتی مارکسیزمدا بەو تیۆر و تێڕوانینە جیاوازانە دەوترێت کە دەستکاری مارکسیزمیان کردوە و دەستبەرداری بەشێک لە پایە سەرەکیەکانی فیکری مارکسیزم بوون، هەر بۆیە کۆمۆنیستەکان ڕێڤیزیۆنیستەکان بە هەڵگەڕاوە لەقەڵەم دەدەن. ئیدوارد برنشتاین بە سەرمەشقی ڕێڤیزیۆنیستەکان دادەنرێت و یەکێکە لە تیۆریستە دیارەکانی ئەم ڕێبازە. وەرگێڕی کوردی

سەرئەنجام، پێشکەوتنی "زانستە مرۆییەکان" پشێوییەکانی بەرەو ئاستێکی باڵاتر برد. ئێمە باش دەزانین ئەم "دیسپلینانە" هیچ نین جگە لە کۆمەڵێک ئامرازی تەکنۆ-پۆلیسی بۆ ڕاهێنان و گونجاندنمان لەگەڵ بەربەست و نەخوازراوەکانی کۆمەڵگای چینایەتی. چونکە پرێستیژێکی زانستی دەخاتە پاڵ کۆمەڵێک ڕێوشوێنی جیاواز، بۆئەوەی قەرەبووی زیادبوونی جۆرەکانی نایەکسانیی نێو دەسەڵاتیان پێ بکاتەوە (سۆسیۆلۆژیای "چینە کۆمەڵایەتییەکان" بەنموونە)، هەروەها بۆ شاردنەوەی دڕندەیی پەیوەندییەکانی کار (بەو سۆسیۆلۆژیای پێی دەوترێت سۆسیۆلۆژیای پیشەسازی)، یان بۆ شاردنەوەی خواستی زۆردارانەی دابەشکردنی تەکنیکیانەی کار (لەڕێگەی دەروونناسی فێرکارییەوە)... بەڵام ئەوان جیاوازیی پیرۆزی نێوان زانستە مرۆییەکان (هیومانیزم) و زانستەکان (تەکنەلۆژیا)ـیان بەدرۆخستەوە، لەگەڵ ئەو سروتە ئایینیەی کە بۆ "پاراستنی مرۆڤ" لە هەڕەشەی "تەکنەلۆژیا" دارێژراوە (واتە بۆ پاراستن و زامنکردنی پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بەسەنتەرکردنی سەرمایە و بەگەردوونیکردنی ئایدۆلۆژیای تاکی "ئازاد" و دەنگدانی گشتی). زانستە مرۆییەکان بە دیوێکی نێگەتیڤدا، پەردەی لەسەر کۆمەڵێک گوتاری تیۆری ڕەسەن هەڵماڵی (مارکسیزم و فرۆیدیزم) کە دەیویست شوێنیان بگرێتەوە و هێزی ڕەخنەییان بچەپێنێت. لەدایکبوونەوەی ئەم دوو زانستە لە دەرەوەی چوارچێوەی زانکۆ بوو (تائێستا هیچ کەس تاقیکردنەوەی لەگەڵ نەکراوە لەسەر مارکسیزم یان فرۆیدیزم)، بیرۆکەی زانکۆیەکی "تەریب" و "ڕەخنەیی"ـش گەرچی لە ڕووی سیاسییەوە پووچگەرایانە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێزێکی گەورەی مۆبیلیزەکردن بوو. لە فەرەنساش، سیمینارەکانی ئاڵتۆسێر و لاکان گرنگییەکی یەجگار زۆریان هەبوو، نەک بەهۆی ناوەڕۆک و بونیادگەرییانەوە کە دەوترا لە ناواخندا کۆنترۆڵیکردون، بگرە بەهۆی ئەوەی پراکتیکانە دەریانخست کە دامەزراوەی زانکۆیی کەوتۆتە چاڵی بێوەیی و گوێڕایەڵی دەسەڵات بووە. توندوتیژییەکی دۆگماتیک، بە پۆشاکی زانستەوە، لە پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی فێرخوازەکانی جەماوەردا، خرایە نێو خوێندنەوە. لە ڕاستیدا، بەبێ تیرۆری تیۆریی، شۆڕش بەدی نایەت: زیاتر لە دە ساڵ، "دیالۆگ" خەریکی لەچاڵنانی ئەم ئایدیا سەرەکییە بوو، زۆر لە پێش "بونیادگەرەکانیشەوە".

ئەم هەلومەرجەی باسمکرد، هەموو ئەو ڕاپەڕینە خوێندکاریانە ڕووندەکاتەوە کە لە وڵاتەکانی ژێر هەژموونی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا ڕوویاندا. دەستیش دەخاتەسەر ئەو شوێنەی کە بە هەندێک هۆکار ئەم ڕاپەڕینانە دەکاتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر مەنزومەی کۆمەڵایەتی و کۆسپێکی دیاریکراوی توندوتیژی تێدەپەڕێنێت: ١- شوێنێک کە تێیدا هەندێک پێگەی هەڵاوردنی جوگرافی (زانکۆکان) هەوڵەدەن کاریگەری کۆمەڵایەتیانەی لێکدژی، لەسەر حسابی گەورەکردنی کاریگەرییە ناوخۆییەکانی، دابڕن و سنورداری بکەن. ٢- شوێنێک کە تێیدا "زانستە مرۆییەکان" پێشدەکەوێت، گەرچی مامۆستا پێشکەوتوخوازەکانی ئەم بوارە خەریکی بڵاوکردنەوەی ڕەخنەکانینی. ٣- شوێنێک کە تێیدا زانکۆکان جەماوەرێکی پانوپۆڕ لەخۆدەگرێت. ٤- شوێنێک کە تێیدا پرسی بەرەی خوێندکاران/کرێکاران دەلالەتێکی پراکتیکی وەردەگرێت. ٥- شوێنێک کە تێیدا ئیرادەی زانکۆ لاوازە، بەهۆی دیماگۆگیی بیرکۆڵ و زۆرداریی بێدەسەڵاتیەوە. ٦- شوێنێک کە تێیدا هەندێک گروپ توانیان شوێن پێی خۆیان داکوتن و چالاکانە کۆمەڵێک پڕوپاگەندەی ئایدۆلۆژیی شۆڕشگێڕانە بڵاوبکەنەوە کە پشتیان بە دەستپێشخەریی پراکتیکی سەرسوڕهێن و چالاک بەستبوو.

لێرەدا زەرورەتی نانتێر Nanterre دێتەپێشەوە[9].

❊

ئەو لێکدژیەی کە سەرەتا لەنێو وردە بۆرژوادا گەشەی کرد، بەهۆی کارلێککردنی لەگەڵ لایەنە "پاتۆلۆژییەکانی" دیگولیزمدا، لە زیادبووندایە. ئەم ڕژێمە کە گرێدراوی میراتی نیشتمانیی بۆناپارتیزمە، لە هەوڵدایە هاوپەیمانییەکی ڕاستەوخۆ ببەستێت لەنێوان بۆرژوازیی باڵا (کە بەبێ هیچ نێوەندێک دەسەڵات پیادە دەکات: وەک پۆمپیدۆ و

---

[9] نانتێر شارێکە لە فەرەنسا، لە سەرەتای ئایاری ٦٨ـدا بینا و باڵەخانەکانی زانکۆی ئەم شارە لەلایەن خوێندکارانەوە داگیرکرا. بەشێک لە ڕووداوە دیارەکانی ٦٨ لەم زانکۆیەدا ڕوویدا. وەرگێڕی کوردی

تاقمەکەی) و نێوان چینەکاندا، یان لەنێوان ئەو ئاستە کۆمەڵایەتیانەی لە ڕووی تەقلیدییەوە نارێکخراون: جوتیاران، لاورگەکانی کەرتی وردەفرۆشی، ئەو کەرتەی جەماوەری کرێکاریی کە بەهۆی تەسلیمبوونی کۆمۆنیستەکانەوە ورەی ڕووخاوە و لە غیابی پاڵپشتی ئایدۆلۆژیدا خەریکە نوقمی ڕەورەوەی ئابووریی خۆڕسک و پەرستنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێت. خواستنی "دیموکراتی" و دوژمنایەتیکردنی "دەسەڵاتی کەسی" کە بنەمای سەرەکی بیری سۆسیال دیموکراتەکان و ڕیڤیزیۆنیستەکانە، ئەو شتەیە کە دەتوانێت سکاڵای وردە بۆرژوازەکان لە دەسەڵات شرۆڤە بکات: ئەم جۆرە بۆرژوازییە درێژکراوەی ڕۆژگاری خۆشگوزەرانی بۆناپێرتییە کە لەپێناو داپڵۆساندن و دژە کۆمۆنیزمدا، دەستبەرداری گەمەی خۆشی وەزاری دەبوو، بەپێچەوانەی ئارەزووی سەرەکی خۆی، ناچاردەبوو سیاسەتی هاوپەیمانی لەگەڵ پرۆلیتاریادا بگرێتەبەر. ئەم هاوپەیمانیەش تەنها لە چوارچێوەی سیستەمدا خۆی دەبینییەوە، واتە لە فۆرمی دانوستانی بیرۆکراتی و هەڵبژاردندا. بەڵام لە کۆتاییدا تەسلیم بوو. ئەوەبوو لە ساڵی **١٩٦٧**ـدا جەماوەرێکی بەرفراوانی دەنگدەری نێوانڕەو دەنگیان دا بە کۆمۆنیستەکان: ئەمەش هێمایەکە بۆ ئەو دۆخەی لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا پرۆسەیەکی هێور و شێواوی وەک "پرۆسەی میتەران"ـی لێکەوتەوە.

ئەم کۆنتێکستە گرنگی ئەم گرەوەمان بۆ دەردەخات. سیستەمی پەروەردەی نیشتمانی یەکێکە لە مەڵبەندە مێژووییەکانی وردە بۆرژوازی، ئامرازێکیشە بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی و سەرکەوتنی لە بواری کۆمەڵایەتیدا: واتە گەیشتن بە پلە و ئاستی بۆرژوازیی بازرگانی لە ڕێگەی خوێندنی بیرکاریانەی قوتابخانە باڵاکانەوە، یان گەیشتن بە شکۆی سیاسی لە ڕێگەی خوێندنی باڵای یاسایی و وێژەییەوە. بێگومان دروشمی "ئەولەویەتدان بە پەروەردەی نیشتمانی" و بەفیتشکردنی قوتابخانەکان و پەیبردنی پەروەردەیی و چاکسازیانەی "پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی"، ئەو شتانەن کە دۆکترینی وردە بۆرژوازی گرێدەدات. لە ساڵی **١٩٥٨**ـەوە تائێستا، سیستەمی قوتابخانە بۆتە گەورەترین پێگەی بەرهەڵستی بۆناپارتیزم.

ئەو خواستە دیگولیەی لە ئارادابوو، بۆ بەرگرتن بەم بەرھەڵستیە لە ڕێگەی کردنی زانکۆ بە کۆیلەی سەرمایەی گەورە و ھەڵوەشاندنەوەی ئەو پاڵپشتە دامودەزگا (قوتابخانەییانەی) سپێردراون بە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای دیموکراسی، سەرەتاکانی قەیرانەکەی ڕاگەیاند: ھەژارکردن و بەمێینەکردنی خوێندنی سەرەتایی، پارچەپارچەکردنی تەکنۆکراتانەی خوێندنی دواناوەندی کە بە توندی کەوتە بەر گوشاری جەماوەر، گوڵبژێرکردن و ئاراستەکردنێکی توندی خوێندنی باڵا. "پلانی فوشی" کە زمانحاڵی ئەم سیاسەتەیە، لە ساڵی ١٩٦٦ـەوە ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی توند بوویەوە، پاشان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پشێویدا دەستی لێ ھەڵگیرا.

"قەیرانەکان پێگەشتن": ساڵی ١٩٦٧ تا ٦٨ ساڵێکی پڕ ئاژاوە و لێوانلێو بوو لە ڕووداو. گروپە شۆڕشگێڕیە بچوکەکان لەم کەشوھەوادا گەورە و بەھێزبوون. بەشداربوون لە قەدەغەکردنی فاشیزم و تێپەڕاندنی گەزافلێدان بە نێوەندی خوێندن، وەک دەروازەیەک بۆ ھەڵھاتن لە بێزارییەکانی وردە بۆرژوازی. لە ڕێگەی بەرەنگارییەکی یەکسانیخوازی دژە ئیمریالیستەوە، کاریانکرد لەسەر بڵاوکردنەوەی چەندین چەمکی مارکسی-لینینی بەنێو جەماوەردا.

زنجیرەیەک ھەڵە (کە زۆرتر بە مانشێتی ڕۆژنامەکانەوە پەیوەستبوون وەک لەوەی بە مێژووەوە پەیوەستبن) یەکگرتنێکی دروستکرد، نەک لەنێوان چینی ڕۆشنبیران کە لە ڕووی تەقلیدییەوە پەیوەستبوو بە خوێندکارانەوە، بەڵکو لە نێوان چەندین فراکسیۆنی فراوانی نێو خودی بۆرژوازی. بەئاگا یان بێئاگا -کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر توانای جەماوەر لە داھێنان- خوێندکاران ھەموو کەرەستەیەکی لێکدژیان بەکارھێنا، بەتایبەت ئەو کەرەستەی ناھێڵێت دەسەڵات زۆر لە وردە بۆرژوازی دووربکەوێتەوە، بۆنموونە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران. لێرەدا بەھۆی ڕەوشێکی سیاسیی مەترسیدارەوە، شەڕی چینەکان لە ڕێدایە. لەم کۆنتێکستەدا، خوێندکاران نەبەردانە شەڕیانکرد، لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەندین داھێنانی پراکتیکیشەوە (بۆنموونە: دروستکردنی گروپی ئامادەباش، دانانی بەربەست لە شوێنە گشتییەکان، پشێویی ژیرانە) پۆلیسیان ناچارکرد دەست زۆر درێژ

نەکەن. لەژێر فشاری ڕای گشتی بۆرژوازیدا، کە ڕۆژنامە و کەناڵەکانی دژ بەم "زیادەیە" یەکیان گرتبوو، حکومەت ناچاربوو سازش بکات.

چەند مانگێک پێشتر، هیچ شتێک لەئارادا نەبوو حکومەت لێی بترسێت، تا ئەو دەمەی کرێکارە لاوەکانی کاین و ریدۆن توندتر و سوورتر لە گروپەکانی گەڕەکی لاتینی، ڕووبەڕووی پۆلیس بوونەوە. کەواتە هیچ ڕاستییەک لەو قسەدا نییە کە دەڵێت بە تەنیا شەڕەنگێزی لاوەکان ئەم قەیرانەی دروستکرد. توندوتیژی دەستکەوتی هەیە، بەڵام تەنیا لە شوێن و کاتی شیاوی خۆیدا دەستکەوتی هەیە، ئەگەرنا دەبێتە هۆی پێچەوانەبوونەوەی باڵانسی هێزەکان. هۆکاری قەیرانەکە ئەوەبوو بەشێکی پێشکەوتووی نێو وردە بۆرژوا (خوێندکاران) هەرچی ڕقی کەڵەکەبوو هەیە لە سەنتەری توندئاژۆیی خۆیدا چڕکردەوە، پنتی چینایەتی دەسەڵاتی دەوڵەتی دوولەت کرد کە هەڕەشە بوو بۆ سەر هەر هێزێکی پاڵپشتی پرۆلیتاریا، کە ئامادەیە بۆ سوودوەرگرتن لە تێکشکانی دوژمنە مێژووییەکەی. لە بەرامبەردا، دەبێ بڵێین دیگوڵیزم لە ڕووبەڕووبوونەوەی کرێکارانی کاین و ریدۆن و ماسدا، سوودێکی زۆری بینی لە پاڵپشتی یان بێباکی جەماوەری وردە بۆرژوا، بە خوێندکارانیشەوە. لە ئایاردا، باڵانسی ئەم سێکوچکەیە کە کلیلی ململانێی چینایەتییە، دەیتوانی شێوەی خۆی بگۆڕێت، ئەمەش لە ئاستی کۆنسێپتدا وزە و پۆتێنشاڵی شۆڕش پێکدێنێت.

ئەم پۆتێنشاڵە، تا ڕادەیەکی زۆر، پەیوەستە بە ئاستی جوڵانەوەی جەماوەر لەلایەن وردە بۆرژوازییەوە. لە ئایاردا کودەتای شۆڕشگێڕیی (ناشەرعی) بەسەر دەوڵەتدا، لەسەر شێوازی بۆناپارتی، لە ڕووی بابەتییەوە مومکین بوو. بەڵام نەبوونی حیزبێکی مارکسی لینینی ڕێگربوو لەوەی پرۆلیتاریا لە ئیدارەی ئایدۆلۆژی و سیاسیانەی ململانێ بەئاگابێتەوە. هەر بۆیە کودەتای شۆڕشگێڕی بەسەر دەسەڵاتی بۆرژوازیدا، لە سیاقی ئەو قۆناغەدا مومکین و گەرەنتیدار نەبوو، مەگەر لە خەون و خەیاڵی بەرزی چەپە دڵگەرم و چەنەبازە وردە بۆرژوازەکاندا کە لینین چەندین جار پێشتر ئاماژەی پێداون. دروشمی ڕاستی ئەوسا و ئێستاش هەر ئەمەیە: "بژی شۆڕشی دیموکراسی-میللی". تەنها لە نێوجەرگەی پێشکەوتنی ململانێدا و لەمیانی دەرکەوتنی ڕاستیانەی هێز و توانای سیاسیانەی لە بەدیهێنانی ئەم

دروشمەدا، پرۆلیتاریا لە توانایدابوو ڕابەرایەتی بزوتنەوەکەی بکات. ئەگەرنا سەرلەبەری گریمانە و پڕۆژەی هەسارەیەکی دیکە بوون.

لە ڕووبەڕووی مەترسییە ڕاستەقینەکەدا، کە لە توانایدابوو ببێتەهۆی دارمانی بەشێک لە بۆرژوازی، دەزگای دەوڵەت بەر لە هەر شتێک پاشەکشەی کرد. ئەو هەلومەرجە تایبەتەی ئەم پاشەکشەی تیا ڕوویدا، وەهای لەم پاشەکشەیە کرد سەرنجڕاکێش بیت، ئەمەش ئێمەی خستە بەردەم گرەوێکی ڕاستەقینەوە: چونکە "سێ مەرجەکەی" یەکێتیی نیشتمانیی خوێندکارانی فەرەنسا UNEF -کە بڕیارێکی تاکتیکی بوو نارەوایانە پاڵپشتی لێکرا- هۆکاربوون بۆ تەسلیمبوونی پۆمپیدۆ. نیشاندانی کاریگەری ڕێبازە چالاکەکان، ئەو بیردۆزانە ڕووندەکاتەوە کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەندێک کەمینەی نێو بزوتنەوەی کرێکاریی بەرگرییان لێدەکرد. کەمینەگەلێکی وەک گروپە ترۆتسکیستەکانی La Voie Ouvriére، وەک تێکۆشەرە ماویستەکانی UJCML (ئەندامانی یەکێتیی لاوانی کۆمۆنیستی مارکسی-لینینی) کە پەیوەندییان هەبوو بە پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئەناشیستە سەندیکاخوازەکانی هێزی کرێکارییەوە. ئەم کەمینانە لە ساتەوەختی مانگرتنەکاندا لە ناوچەی سود-ئەڤاسیۆن و ریناوڵت رۆڵێکی گەورەیان بینی.

ئەو سەرکەوتنانەی خوێندکاران بەدەستیان هێنا کە پاشتر زانکۆکانیشیان داگیرکرد، خوێنکارانی خستە بەردەم کۆمەڵێک کێشەی بێ چارەسەرەوە: کێشەگەلی وەک چۆنیەتی ڕێکخستنی بزوتنەوەکە و پشتیوانی ئایدۆلۆژی و ئامانجی ستراتیژی بزوتنەوەکە. هەر کە خوێندکاران کۆدەنگبوون لەسەر بابەتی نێگەتیڤ و مرۆڤدۆستی پەیوەست بە بەربەریەتی پۆلیسەوە، کە لەم دروشمەدا خۆی دەبینییەوە "CRS-SS" (هێزەکانی پۆلیس هێزی نازین) کە هیچ ناوەڕۆکێکی سیاسی لەخۆیدا هەڵنەگرتووە و هەر جارێک بزوتنەوەکە هەڕەشەی تەقینەوەی لەسەر بێت پەنای بۆ دەبرێت (وەک هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئەو پانتاییەی کە بە پشت بەستن بە "کتێبی ڕەشی" یەکێتیی نیشتمانیی خوێندکارانی فەرەنسا سازکرا)، وردە بۆرژوا ڕق هەڵدەگرێتەوە لە پێداگری پرۆلیتاریا لە سۆسیالیزمی زانستی و ترسی ڕیشەیی لە ڕێکخستنە چینایەتییەکان و لە ڕێکخستن بە گشتی، هەروەها لە هەستیاری

تاکگەراییانەی کە لە نێوان جۆشی شۆڕشگێڕی و خەمۆکی و تێکشکان و هەستکردن بە ناپاکیدا دەخولێتەوە.

بەزین و کۆڵدانی سەرانی کونسولگەریی گشتی کار، دیالەکتیکانە کۆمەکی ئەم شکستە ناچاریانە دەکات، کە لە ڕواڵەتدا جۆرێکە لە پاساودان و بیانوهێنانەوە. ئیتر لێرەوە سەیرترین ڤێرژنی سۆسیالیزمی یۆتۆپی دەبوژێتەوە، کە لە سەدەی نۆزدەوە تائێستا بناغەی پتەوی نەریتی کرێکاری و دیموکراسی فەرەنسییە، بەربەستێکی هەمیشەییشە لە بەردەم کارابوونی هێزی مارکسیزم-لینینیزمدا. چونکە لەنێوان ریفۆرمیزمی یاسایی کە کار لەسەر "خۆبەڕێوبەری" دەکات، و لەنێوان کودەتاخوازە بلانکیەکاندا کە لەژێر سایەی شەڕی گەریلایی شارستانیدا، دەزگای گەورەی دەوڵەت بە گرووپی خودەلەسەر لەناو دەبەین (کە بێگومان لێرەدا لە ئازایەتییان کەم ناکەمەوە و گومانم لە جوامێرییان نییە)، لە نێوان ئەم دوانەدا دوو ناو هاوسەنگی وەردەگرێت، یەکەمیان پرۆدۆنە کە ناوێکە هێندەی لە ئاستی ئایدۆلۆژیدا ئامادەیی هەیە هێندە لەبارەیەوە قسە نەکراوە. دووەمیان ترۆتسکییە کە خۆگونجێنترین گرووپی شۆڕشگێڕیی "مارکسی" پاڵپشتی دەکات کە بریتییە لە Jeunesse Communiste Révolutionnair. بابەتی خۆبەڕێوبەری و ناسەنتەری لە پرۆدۆنەوە هاتووە، هێزی ئاسنینی مانگرتنی گشتی و سەرکۆنەکردنی "بیرۆکراتی"ـیش لە ترۆتسکییەوە سەرچاوەی گرتووە. بیرۆکەی "فرەیی دەسەڵات" پرسی سەرەکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بنکەن دەکات. سەرکۆنەکردنی هەڵەکانی ستالینیش بۆ پەردەپۆشکردنی نەبوونی دیسپلینی تاکگەرایانە و دۆکترینی بژاردەگەریی و تێکەڵکردنی شۆڕش و ئاهەنگ، بەکارهات.

کاتێک لە کۆتاییدا بیرۆکەی ڕێکخستن، لەمیانی وەرچەرخانێکی بێ پارادۆکسەوە سەرهەڵدەدات، بیرۆکەیەکی تەنگەبەر و ئەرستوکراتی و "پێشەنگ" و سەربازی دەبێت. بیرۆکەیەک دەبێت بێئاگایە لە پێویستییەکانی ڕێکخستن و خۆبەخۆ پرچەکبوونی جەماوەر بە ئایدۆلۆژیا. ئەو گومانەی وردە بۆرژوا جیادەکاتەوە، خەریکە لەو ململانێیانەدا دەردەکەوێت کە لە نێوان بەلشەڤیزمی بچوک و خۆڕسکی جەماوەر و لە نێوان بەلشەڤیزمی گەورە و پێشەنگ و ڕۆشنبیردا هەیە. تەنیا دەسەڵاتی ڕەهای ئایدیاکانی ماو تسی تۆنگ

دەربارەی پێویستییەکانی جەماوەر لە توانایدابوو ئەم گومانە ڕابگرێت. بەڵام ئێمە هێشتا بەم وێستگەیە نەگەشتبووین.

بوژانەوەی لەناکاوی چینی کرێکار بە ژاوەژاوی دڵرفێنی جۆشوخرۆشی وردە بۆرژوا بەدیدێت. هیچ شتێک ناتوانێت دەنگ و ڕەنگ ببەخشێتە ئەم ڕاتەکانە مەزن و بێدەنگە. هەرگیز مەرجەکانی یەکگرتنی پراکتیکیش کۆنابێتەوە.

ماوەتەوە بڵێین ئەم گەردەلولە شۆڕشئاسایە گەردەلولێک بوو بەتوندی بە دەوری ئەم خاڵە پووچەڵەدا خولایەوە، بە دەوری ئەم سپاییە مەرکەزییەدا کە خاڵی بوو لە ڕێکخستنی کۆمۆنیستی. خاڵێک کە لە نزیکیەوە، سەرباری ئەو کەلێنەی هەیەتی، ماشێنە خێزەدارەکەی والدیک-روشی و سێگی دەبینینەوە. خاڵێک کە دەبوو ئەو خەباتگێڕانەی کە بە فیکری ماو تسی تۆنگ خۆیان پڕچەک کردوە جاڕی ململانێکە بدەن و ئیدارەی بدەن، بەڵام وەک پیکن نیوز دەڵێت، تەنها موچڕکەی "ڕێڤیزیۆنیستە گەلحۆکان"ــمان بینی.

ئەوان کۆمەڵێک گەلحۆی خەمبارن، کۆمەڵێک گەلحۆی بەتاڵن. لانیکەم شەکانەوەی ئاڵا سوورەکان، بە بەرچاو جەماوەرێکی بەرفراوانەوە، خۆیان و ماسکە کارتۆنیەکانی دەرپەڕاند و خستنیە زبڵدانی مێژووەوە.

## قەیرانەکان نمایشن:

## حەقیقەت لە کوێدایە؟

ئەم قەیرانە داراییە گەردوونییە، لە یەکێک لەو فیلمە هەرە ناقۆڵایانە دەچێت کە بەرهەمی ئەو ماشێنەیە پێی دەوترێت "سینەما". ڕووداوەکان هیچی لە هی ناو فیلمەکان کەمتر نییە: پلە بە پلە نمایشکردنی کارەساتەکە، تەشویقکردن، بەبیانیکردن و هاوتاکردن - بەجۆرێک بازاڕی دراوی جەکارتا دەکەوێتە هەمان ئاستی بازاڕی دراوی نیویۆرکەوە، بازاڕی

دراوی مۆسکۆ لەسەر هەمان هێڵی بازاڕی دراوی ساوپاولۆ دەبێت، هەمان ئاگر بەردەبێتە گشت بانکەکان- دروستکردنی کاردانەوەی سامناک: ئۆو، ئۆو، ئۆو، باشترین "پلان" ناتوانێت ڕێگربێت لە ڕوودانی هەینییەکی ڕەش، ناتوانێت بەر بە دارمانی هەموو شتێک بگرێت، ناشتوانێت بەر بەو دارمانە گەورەیە بگرێت کە بەڕێوەیە... بەڵام هەر هیوایەک دەهێڵنەوە: چونکە لە سەروبەندی ڕووداوەکاندا، ژمارەیەک ئاغای دەستڕۆشتوو، ئاگرکوژێنەوە داراییەکان، ئەو پیاوە بەهێز و قارەمانانەی کە وەک قارەمانی نێو فیلمە کارەساتباوەکان کۆبوونەتەوە، کەسانی وەک سارکۆزی و پۆڵسن و مێرکڵ و براون و تریشی، ملیاران دۆلار دەخەنە چاڵێکی ڕەشەوە. دواتر (لە بەشەکانی داهاتووی فیلمەکەدا) ڕۆژێک دێت و دەپرسین: ئەم هەموو پارەیان لە کوێبوو، چونکە کاتێک هەژارەکان داوای شتێکی بچوکیان دەکرد، گیرفانیان دەردەهێنا و دەیانوت قەرانێکمان پێ نییە. بەڵام ئێستا هیچ شتێک گرنگ نییە. "بانکەکان رزگار بکەن!". ئەم بانگەوازە جوامێرە مرۆیی و دیموکراسییە لەسەر زاری هەموو سیاسەتمەدار و سەرجەم میدیاکاندایە. دەبێت بەهەر نرخێک بێت بانکەکان رزگار بکەین، چونکە هیچ شتێک بەخۆڕایی نییە.

دەبێت دان بەوەدا بنێم: کاتێک بڕی ئەو پارانە و ئەو هەموو ژمارەیە دەبینم، کە منیش وەک زۆربەی خەڵک سەری لێدەرناکەم (ئاخر چوار سەد ملیار یۆرۆ یانی چی و دەبێت چۆن بێت؟) من بۆخۆم متمانە دەکەم. خۆم دەدەمە دەست ئاگرکوژێنەوەکان. دەزانم ئەم هەموو قارەمانەی کۆبوونەتەوە کێشەکە چارەسەر دەکەن. بگرە بانکەکان لە جاران زیاتر گەورەتر دەکەن، ئەو بانکە بچوک و مامناوەندانەش کە بەهۆی هاوکاری دەوڵەتەوە ماونەتەوە، بەرامبەر لەتە نانێک دەدرێنە بانکە گەورەکان. ئایا ئەمە ڕووخانی سەرمایەدارییە؟ بێگومان گاڵتە دەکەن. کێ حەز بە کۆتاییەکی لەو شێوە دەکات؟ ئەسڵەن کێ دەزانێت یان دەیەوێ بزانێت ئەمە بە مانای چی دێت؟ پێتان دەڵێم، با بانکەکان رزگارکەین، هەموو شتێک چارەسەر دەبێت. سەبارەت بە ئەکتەرە ڕاستەوخۆکانی فیلمەکەش -مەبەستم لە دەوڵەمەند و خزمەتکار و چڵکاوخۆرەکانیانە، ئەوانەی گۆرانی بە شان و باڵیاندا دەڵێن- کۆتاییەکی خۆش چاوەڕوانیانە، ڕەنگە بە جۆرێک دڵتەنگی تێدا بێت، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای جیهان و ئەو سیاسەتەی پەیڕەو دەکرێت.

با خۆمان بخەینە شوێنی بینەران، شوێنی ئەو ئاپۆڕەی بە دیمەنەکان سەرسام بووە، کە بە جۆرێک بێزارە و تەنها کەمێک لە شتەکان تێدەگات، هیچ جۆرە بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دۆخەکەدا نییە و تەنیا گوێی لە ژاوەژاوێکە لە دوورەوە دێت -کە زەنگی مەرگی بانکەکانە- خەیاڵی پشووی هەفتەیەکی بێزارکەر دەکات، بێزارکەر بەلای گروپە بچوکەکەی سەرۆک حکومەتە خاوەنشکۆکانەوە. تەماشای ئاڵوگۆڕی ئەو هەموو ژمارە تەمومژ و خەیاڵییە دەکات و بە سەرچاوەکانی خۆی بەراوردی دەکات. من دەڵێم: ئەمە واقیعەکەیە، ناشتوانین بەم واقیعە بگەین ئەگەر پشت لە شاشەکە نەکەین و تەماشای ئەو جەماوەرە نادیارە نەکەین کە هیچ وەخت ئەم فیلمە کارەساتباوە و کۆتاییە دڵخۆشکەرەکەی (کە تێیدا سارکۆزی ماچی مێرکڵ دەکات، هەموانیش لە خۆشیدا دەگرین) بەلایانەوە هیچ نییە جگە لە شانۆگەرییەکی سێبەر.

لەم دواییانەدا قسە و باسێکی زۆر کرا دەربارەی "ئابووریی واقیعی" (بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردنی داهاتەکان) و دەربارەی ئەو شتەی ناوی دەنێم "ئابووریی ناواقیعی"، کە ڕەگ و ڕیشەی گشت خراپەیەکە، بە تێڕوانین لەوەی بکەرانی ئەم بوارە بوونەتە کەسانێکی "نابەرپرس" و نائەقڵانی" و "تالانچی". چلێسانە هەرچی پشک و پارەی جەماوەر هەیە حەپەلوشی دەکەن. ئەم جیاکارییە بێهودەیە و ڕێک دوو ڕستە پاشتر بەرپەرچ دراوەتەوە، لە ئاوەژۆکردنەوەیەکی میتافۆرانەدا ئاڵوگۆڕ و پارەبازی وەک "سیستەمێکی خوێناوی"ــی نیشاندراوە. خاوەن و چالاکوانانی ئەم سیستەمەش "بەرپرس" نین لە قازانج نەبێت، ڕادەی "ئەقڵانیەتی"ــشی تەنها بە قازانج دەپێورێت، ئەوان تالانچین، ئەرکە لەسەریان تالانچی بن.

کەواتە هیچ "واقیعیەتێک" لە بارگەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا بوونی نییە، هەر لە عەمباری کالاکانیەوە تا دەگات بە فارگۆنی پارەبازییەکانی. بەڵام ئەم دوانەیان بارگەی بەرهەمهێنان خراپ دەکەن: چونکە زۆرینەی ئەو بەرهەمانەی ئەم ماشێنە دەستبرە بەرهەمی دێنێت کە ماشێنێکە تەنها بەکەڵکی قازانج و پارەبازی دێت کە خێراترین و قەبەترین کەرتی قازانجە، بەرهەمگەلێکی ناقولا و بێزارکەر و نەشیاو و بێکەڵکن، دەبێت چەندین ملیار سەرفکەیت تا قەناعەت بە خەڵک بێنیت ئەم بەرهەمانە بەپێچەوانەوە

بەرهەمگەلێکی شیاو و بەکەڵکن. هەر ئەمەشە وا لە سەرمایەداری دەکات خەڵک بکات بە منداڵی ڕاڕا و هەرزەکاری هەمیشەیی کە تەواوی بوونیان لە کڕینی گەمە و بووکەڵەدا کورتبۆتەوە.

گەڕانەوە بۆ واقیع، ئەو هەنگاوە نییە کە لە پارەبازیی بەدی "نائەقڵانییەوە" دەمانبات بەرەو بەرهەمهێنانێکی تەندروست. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ژیانی خۆیی و ڕاستەوخۆی ئەو کەسانەی لەم دونیایەدا دەژین. لێرەوە دەتوانین چاونەترسانە تەماشای سەرمایەداری بکەین، تەنانەت چاونەترسانە تەماشای ئەو فیلمە کارەساتباوەش بکەین کە ناچاری کردوین تەماشای بکەین. ئەوە فیلمەکە نییە کە واقیعە، ئەوە سینەماکەیە.

کاتێک وەردەچەرخێین و پشت لە فیلمەکە دەکەین، چی دەبینین؟ چی دەبینین ئەگەر هاتو توانیمان خۆمان لەو ڕاڕاییە رزگارکەین کە بەهۆی فەراغەوە بۆمان دروستبووە و ئاغاکانمان واچاوەڕێن وامان لێکات لێیان بپاڕێینەوە بانکەکانمان بۆ رزگارکەن؟ لە ڕاستیدا گەر وەرچەرخێین شتگەلێکی سادە و ئاشنا دەبینین کە زۆر لەمێژە درکمان پێکردون: سەرمایەداری لە جەوهەردا هیچ نییە جگە لە چەتەیی و جەردەییەکی نائەقڵانی، ئایندەشی ئایندەیەکی تێکدەر و وێرانکارە. بەردەوام خەڵکی ناچارکردوە باجی خۆشگوزەرانییەکی کورتخایەن بدەن، نایەکسانانە و بەوپەڕی درِندەییەوە چەندین قەیرانی بەسەر خەڵکدا دابەشکرد کە چەندین بەهایان لە تەک خۆیاندا برد، چەندین دادگایی خوێناویی خێرای لە نێوجەرگەی ئەو شوێنانەدا نایەوە کە بەلای خۆیەوە ستراتیژی بووە یان هەڕەشەی لەسەر بووە، چەندین جەنگی جیهانی لەپێناو خۆنوێکردنەوەدا نایەوە. ئەمە ئەو هێزە دیالەکتیکەی ئەو دیدگایە کە فیلمە کارەساتباوەکەی ئاوەژۆ کردۆتەوە. چی؟ هێشتا دەوێرن لە بەردەم ئەو هەموو خەڵکە تەماشاکارەدا، ستایشی سیستەمێک بکەن کە ژیانی بەکۆمەڵی خەڵکی لە ژێر بەزەیی هەڵچوونە غەریزیەکاندا بەجێهێشتووە، کە بریتییە لە تەماح و کێبرکێ و خۆپەرستی؟ دەیانەوێت ستایشی "دیموکراسی" بکەین کە لەژێر سایەیدا ئاغاکان بەبێ هیچ لێپێچینەوەیەک بوونەتە دارودەستەی دەستبەسەرداگرتنی دارایی، کە ئەمەش بەلای خودی مارکسیشەوە جێی سەرسامییە و سەد و شەست ساڵ پێش ئێستا حکومەتەکان ناودەنێت "کارمەندی سەرمایە"؟ دەیانەوێت هاوڵاتی ئاسایی وا

تێبگەیەنن کە ئاستەمە کەلێنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پڕ بکرێتەوە، بەڵام ناچارین بەبێ ژماردنی ئەو هەموو ملیارە، کەلێنی بانکەکان پڕبکەینەوە؟ داوامان لێدەکەن ڕازی بین و بەهانای کارگەیەکەوە نەچین کە بەهۆی کێبڕکێوە لە دۆخێکی خراپدایە و بەلامانەوە گرنگ نەبێت خۆماڵی بکرێت، بەڵام دەبێت بە هانای بانکێکەوە بچین کە بەهۆی پارەبازییەوە مایەپووچ بووە.

واقیعی ئەم مەسەلەیە کاتێک ڕووندەبێتەوە کە دەگەڕێینەوە بۆ ئەسڵی قەیرانەکە. هەر بە ڕاست، ئەم دەستبڕینە داراییە لە کوێوە هات؟ بەسادەیی دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەو هەموو قەرزە خەیاڵیەوە بوو کە درا بەو کەسانەی هێندە دەسەڵاتیان نەبوو خانوی گرانبەها بکڕن. بەڵێنی دانەوەی ئەم قەرزانەش فرۆشران، پاش ئەوەی وەک چۆن مادەی بێهۆشکەر تێکەڵدەکرێت، لەگەڵ ڕەهنی دارایی دیکەدا تێکەڵکران و کۆمەڵێک بیرکاریناس ڕوویەکی زانستی و تارماوییان پێ بەخشی. ئەم ئاڵوگۆڕە لەنێوان فرۆشتن و فرۆشتنەوەدا، بەهاکەی لە بانکە دوورەدەستەکاندا زیاتر و زیاترکرد. گەرەنتی دارایی ئەم ئاڵوگۆڕەش خانوەکان بوون. هەتا زیاتر بازاڕی خانوبەرە تێکبچوایە، کڕیارەکان بێتواناتر دەبوون لە دانەوەی قەرزەکانیان، کاتێکیش قەرزدەرەکان داوای بڕی زیاتریان کرد، بەهای ئەم گەرەنتییە دابەزی. لە کۆتاییدا کاتێک کڕیارەکان بە تەواوی بێتوانابوون لە دانەوەی قەرزەکانیان، ئەو مادە بێهۆشکەرەی کە دزەی کردبووە نێو ڕەهنە داراییەکانەوە، بووە هۆی ژەهراوییکردنیان: بە یەکجاری هیچ بەهایەکی نەهێشتەوە. وەک ئەوە وابوو ون بووبێت: کەسی پارەباز هەموو پارەکانی دۆڕاند، کڕیارەکانیش خانوەکانیان لەدەست دا و بە ئەدەبەوە دەرکران. لە ڕاستیدا ئەمە شتێکی تازە نییە و سەرجەم خزمەتگوزارییە بەکۆمەڵەکان و هەموو خزمەتگوزارییەکانی ژیانی ڕۆژانە هەر بەمشێوە بووە: سەرئەنجام دەستپێکی هەموو پرۆژەیەک بەهۆی لەدەستدانی کرێی ملیۆنان کەسەوە دەستپێدەکات، یان بەهۆی پێنەدانی کرێی تەواویانەوە ڕێگەیان پێدەدرێت نیشتەجێ ببن. جەوهەری ڕاستەقینەی قەیرانی دارایی، قەیرانی نیشتەجێبوونە. ئەوانەی کە توانای نیشتەجێبوونیان نییە ئەوانەن کە بانکەوان نین. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ نێو ژیانی ئاسایی خەڵک.


تاکە دەرئەنجامێکی خوازراو ئەوەیە واقیعی پێش قەیرانەکان وەک خۆی ماوەتەوە. ئەو پەندانەش کە لەم بازرگانیە جێبەزەییەوە فێری بووین، لە خودی خەڵکەوە فێری بووین، نەک بانکەوانەکان، یان ئەو حکومەتانەی خزمەت بە بانکەوانەکان دەکەن، یان ئەو ڕۆژنامانەی خزمەت بە حکومەت دەکەن.

بە تێڕوانینی من، ئەم گەڕانەوەیەی واقیع، بە دوو ئاستەوە بەستراوە. یەکەم ئاستیان ئاستێکی تەواو سیاسییە. وەک لە فیلمەکەوە بۆمان دەرکەوت، لەبەرئەوەی سیاسەتی "دیموکراسی" هیچ نییە جگە لە خزمەتکارێکی بانکەکان، ناوی ڕاستەقینەشی بریتییە لە: سیاسەتی سەرمایەداری-پەرلەمانی، بۆیە دەبێت وەک ئەو کۆمەڵە ئەزموونەی بیست ساڵ پێش ئێستا، سیاسەتێک لە سروشتێکی تەواو جیاوازەوە ڕێکبخرێت. سیاسەتێک کە دووربێت لە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، لە قوڵایی واقیعەوە دروست ببێت، بە هاوپەیمانی پراکتیکیانەی نێوان ئامادەباشترین خەڵک کە توانای داهێنانیان هەیە: پرۆلیتارە نوێکانی ئەفریقا و شوێنەکانی تر، ئەو ڕۆشنبیرانەی ململانێی سیاسیی دەیەکانی دواییینیان بە میراتی بۆ ماوەتەوە. هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی نییە، نە لەگەڵ حیزبەکاندا نە لەگەڵ سیستەمی باودا. دیسپلینێکی نوێ دادەهێنرێت بۆ ئەو کەسانەی هیچیان نییە، توانای سیاسی ئەوان و ئایدیایەکی نوێ دەبێتە نەخشەڕێژی سەرکەوتنیان.

ئاستی دووەم ئاستێکی ئایدۆلۆژییە. دەبێت ئەو حوکمە کۆنە ئاوەژۆ بکەینەوە کە باس لە "کۆتایی ئایدۆلۆژیاکان" دەکات. ئەمڕۆ بە ئاشکرا دەبینین ئەم کۆتاییەی بانگەشەی بۆ دەکرێت لە واقیعدا بە مانای ئەم دروشمە دێت: "بانکەکان رزگار بکەن!". هیچ شتێک بایەخدارتر نییە هێندە عاشقبوونەوە بە ئایدیاکان، هێندەی ڕووبەڕووبوونەوەی جیهان بە گریمانەیەکی گشتگیر، گریمانەی دڵنیابوون لەوەی لەتواناماندایە شتێکی جیاواز لەم نەزمە باوە داهێنین. ئێمە لەناو واقیعدا بەرەوڕووی دیمەنێکی بەدی سەرمایەداری بووینەتەوە، کە بریتییە لە واقیعی ژیانی خەڵک لەنێو جوڵانەوەی ئایدیاکاندا. لە ڕاستیدا پاساوی رزگاربوونی مرۆڤایەتی هێشتا هەر لەجێی خۆیدایە و هیچ لە هێزی کەم نەبۆتەوە. وشەی "کۆمۆنیزم" ماوەیەکی دوورودرێژ گوزارشتی لەم هێزە دەکرد، کە لێرەو لەوێ کەم بەها و ناشرین کرا. لە ئێستادا، نەمانی ئەم وشەیە تەنها خزمەت بە پشتیوانانی سیستەم دەکات،

خزمەت بە ئەکتەرە تاگرتووەکانی نێو فیلمە کارەساتباوەکە دەکات. ئیشی ئێمەش زیندووکردنەوەی ئەم ناوەیە لە دەرکەوتنێکی ڕوون و نوێدا. فەزیلەتی کۆمۆنیزمیش هەر لەم ڕوونیەدایە، هەر لەم سۆنگەشەوەیە کە مارکس دەربارەی کۆمۆنیزم دەڵێت: **"رادیکاڵانە خۆی لە هەموو پەیوەندییەکی تەقلیدی دادەبڕێت"** و کار لەسەر سەرهەڵدانی **"پەیوەندییەک دەکات کە تێیدا پێشکەوتنی ئازادیی هەر تاکێک مەرج بێت بۆ پێشکەوتنی ئازادیی هەموان"**.

ئەم دابڕانە، دابڕانە لەگەڵ سەرمایەداریی پەرلەمانیدا، سیاسەتێکە لە قوڵاییی واقیعی گەلانەوە هەڵقوڵاوە، کار لەسەر سەروەری ئایدیایەک دەکات: ئایدیایەک کە ڕووی لە هەموو شتێکە، لەم فیلمە کارەساتباوە دەربازمان دەکات و ڕاماندەپەڕێنێت.



سلاڤۆی ژیژەک: وانە ڕاستەکەی ئایاری 68.
ئالان بادیۆ: هێشتا هاوسەردەمی ئایاری 68ین.
دۆلۆز و گواتاری: ئایاری 68 ڕووینەدا.
ژان لووک نانسی: 68 بێکۆتایە.

بەرگ : ئیبراهیم سالح